مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# رؤية المؤرخين الكرد في العصور الوسطى للخلفاء الأمويين؛ (أبو حنيفة الدينوري) و(ابن خلكان) أنموذجاً

١ـ م. أسو نريمان سبحان
قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة گەرميان ، كلار، كردستان، العراق.
aso.subhany@garmian.edu.krd

٢ـ أ.د. كەيوان ئازاد ئەنوەر
قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق.
Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

الكلمات المفتاحية: أبو حنيفة الدينوري، ابن خلكان، الرؤية، الخليفة الأمويون.

## كيفية اقتباس البحث

سبحان , أسو نريمان , كەيوان ئازاد ئەنوەر , رؤية المؤرخين الكرد في العصور الوسطى للخلفاء الأمويين؛ (أبو حنيفة الدينوري) و(ابن خلكان) أنموذجاً, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# رؤية المؤرخين الكرد في العصور الوسطى للخلفاء الأمويين؛ (أبو حنيفة الدينوري) و(ابن خلكان) أنموذجاً

# The Perspectives of Medieval Kurdish Historians on the Umayyad Caliphs: Selected Case Studies of Abu Hanifa al-Dinawari and Ibn Khallikan

**Lecturer: Aso Nariman Subhan**
**Department of History, College of Education, Garmian University, .Kalar, Kurdistan, Iraq**
**aso.subhany@garmian.edu.krd**

**D. Keywan Azad Anwar**
**Department of History, College of Humanities, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Iraq**
**Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq**

**Keywords** : Abu Hanifa, Ibn Khallikan, Perspective, Caliph, Umayyad.

**How To Cite This Article**
Subhan , Aso Nariman ,Keywan Azad Anwar ,The Perspectives of Medieval Kurdish Historians on the Umayyad Caliphs: Selected Case Studies of Abu Hanifa al-Dinawari and Ibn Khallikan ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This research aims to examine and analyze the views and perspectives of two prominent medieval Kurdish historians, Abu Hanifa al-Dinawari and Ibn Khallikan, particularly concerning their stances and approaches toward the history of the Umayyad state and its caliphs.
The study is divided into two main sections. The first section is dedicated to Abu Hanifa al-Dinawari and an analysis of the texts from his book, *Al-Akhbar al-Tiwal*. The research concludes that, despite allegations of Shi'ism leveled against him by some sources, al-Dinawari maintained a degree of neutrality in narrating sensitive events—such as the killing of

Husayn ibn Ali and the conflicts between the Umayyads and the Alids. He transmitted these events as historical occurrences rather than through a lens of sectarian emotion; he even avoided narrating the details of certain events, such as the atrocities committed by the army of Yazid ibn Mu'awiya in Medina. However, his narratives display an inclination toward the Abbasids; he highlighted the corruption and oppression of Umayyad governors in Khurasan, which has been interpreted as a form of justification and legitimization for the Abbasid Revolution.

The second section focuses on Ibn Khallikan and his famous book, *Wafayat al-A'yan*. The study reveals that due to the biographical nature of his work, Ibn Khallikan paid less attention to the details of the political history of the caliphs, largely overlooking them unless necessary to clarify the biography of another figure. Unlike al-Dinawari, Ibn Khallikan's view of the Umayyads was more lenient. He showed respect for caliphs such as Umar ibn Abd al-Aziz, even using the honorific phrase "(may Allah be pleased with him)" when referring to him. Nevertheless, this religious and personal sentiment did not prevent him from recording the tyranny of certain caliphs, such as Walid ibn Yazid, or the killing of Marwan II. Overall, the research highlights the differences in methodology and intellectual orientation between the two historians in their narration of events during the Umayyad Caliphate.

**ملخص**

تتناول هذه الدراسة بالقراءة والتحليل الرؤية التاريخية لاثنين من أبرز أعلام التأريخ الكرد في العصور الوسطى، وهما (أبو حنيفة الدينوري) و(ابن خلكان)، مع التركيز على مواقفهما المنهجية في التعاطي مع تاريخ الدولة الأموية وسير خلفائها .

وقد قُسّم البحث إلى قسمين رئيسيين: القسم الأول: خُصِّص لأبي حنيفة الدينوري وتحليل نصوص كتابه (الأخبار الطوال). وقد توصلت الدراسة إلى أنّ الدينوري -رغم نسبته إلى التشيع في بعض المصادر- قد التزم قدراً عالياً من الموضوعية والتجرد في سرد الأحداث المفصلية؛ مثل مقتل (الحسين بن علي) والصراع الأموي العلوي، مبتعداً عن الشحن المذهبي، بل إنه تحاشى ذكرَ تفاصيلِ بعضِ الوقائع، كَتجاوزاتِ جيش (يزيد بن معاوية) في (المدينة المنورة). وفي المقابل، رصدت الدراسة ميلاً سياسياً لديه نحو العباسيين من خلال تسليط الضوء على مظالم الولاة الأمويين في خراسان، ما فُسّر كسعى لإضفاء الشرعية التاريخية على الدعوة العباسية.

القسم الثاني: تناول ابن خلكان وكتابه (وفيات الأعيان)، حيث تبيّن أنّ الطبيعة "السِيَرية" للمؤلَّف جعلته لا يفرد تراجم مستقلة لمعظم الخلفاء إلا لضرورة إيضاحية. وعلى نقيض



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

الدينوري، اتسمت نظرة ابن خلكان للأمويين باللين والتقدير، خاصة لنموذج (عمر بن عبد العزيز)، ومع ذلك، لم يمنعه إنصافه التاريخي من نقل مظاهر استبداد خلفاء آخرين كـ(الوليد بن يزيد). ويخلص البحث إلى تبيان التباين المنهجي بين المؤرخ الموسوعي والمؤرخ البيوغرافي في قراءة العصر الأموي .

**دید و تێڕوانینی مێژوونووسانی کورد لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ خەلیفەکانی ئومەوی؛ تێڕوانینی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان) بە نموونە**

**١_ م. أسو نریمان سبحان، بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، کوردستان، عێراق.**
**ئیمەیڵ:** aso.subhany@garmian.edu.krd
**ژ: ٠٧٧١٩٤٧٤٤٦٤**
**٢_ پ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق.**
**ئیمەیڵ:** Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq
**ژ: ٠٧٧٠١٤٢٠٣٨٣**

**پوختەی توێژینەوە**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ دید و تێڕوانینی دوو مێژوونووسی دیاری کورد لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا بکات، کە ئەوانیش (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان)ن؛ بە مەبەستی ناسینی هەڵوێست و میتۆدی مامەڵەکردنیان لەگەڵ مێژووی دەوڵەتی ئەمەوی و خەلیفەکانیان.
توێژینەوەکە بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەشکراوە: بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ دینەوەری و شیکردنەوەی دەقەکانی کتێبی (الأخبار الطوال). توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە (دینەوەری) سەرەڕای ئەوەی لەلایەن هەندێک سەرچاوەوە بە (شیعەگەرایی) تۆمەتبار کراوە، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕووداوە هەستیارەکانی وەک کوژرانی (حسێنی کوڕی عەلی) و ململانێی (ئومەوی و عەلەوییەکان)دا، تا ڕادەیەکی زۆر بابەتییبوونی نواندووە. تەنانەت بۆ پاراستنی بێلایەنی، خۆی لە گێڕانەوەی وردەکاریی هەندێک ڕووداوی وەک خراپەکارییەکانی سوپای (یەزیدی کوڕی موعاویە) لە (مەدینە) بەدوور گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، مەیلی سیاسیی ناوبراو بۆ لای (عەباسییەکان) لە ڕێگەی زەقکردنەوەی ستەمی والییە ئومەوییەکان لە (خۆراسان) دەردەکەوێت، کە وەک جۆرێک لە ڕەواییبەخشین بە شۆڕشی (عەباسییەکان) لێکدەدرێتەوە .
بەشی دووەم: تایبەتە بە ئیبن (خەلەکان) و کتێبی (وفیات الأعیان). توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەهۆی سروشتی کتێبەکەیەوە کە لە جۆری (ژیاننامەنووسی)یە، ئیبن خەلەکان کەمتر بایەخی بە مێژووی سیاسیی خەلیفەکان داوە. تێڕوانینی ئەو بۆ (ئومەوییەکان) بەراورد بە دینەوەری "نەرمتر" بووە؛ بە جۆرێک ڕێزێکی زۆری بۆ خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) هەبووە، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لە گواستنەوەی ستەمکارییەکانی (وەلیدی کوڕی یەزید)، لە

کۆتاییدا توێژینەوەکە جیاوازیی نێوان قوتابخانەی مێژوویی (گشتی) و قوتابخانەی (ژیاننامەنووسی)ی لە هەڵسەنگاندنی سەردەمی ئومەویدا بە دەردەکەوێت.

**کلیلە وشە: ئەبو حەنیفەی دینەوەری، ئیبن خەلەکان، تێڕوانین، خەلیفە، ئومەوی.**

## پێشەکی

مێژوونووسانی کورد ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان لە تۆمارکردن و گێڕانەوەی مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا هەبووە، بە جۆرێک بەرهەمەکانیان بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە قۆناغە گرنگەکانی مێژوو. لەم نێوەندەدا هەریەک لە (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان) وەک دوو نموونەی باڵای مێژوونووسیی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەرکەوتوون، سەرەڕای جیاوازیی شێواز و سەردەمەکەیان، هەریەکەیان دیدگای تایبەتی خۆیان بۆ ڕووداوە سیاسییەکانی دەوڵەتی ئومەوی و خەلیفەکانی هەبووە.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە؛ کە ئایا پاشخانە فکری و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی ئەم دوو مێژوونووسە تاوەکو چەند کاریگەرییان لەسەر شێوازی گێڕانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ مێژووی خەلیفە ئومەوییەکان هەبووە؟ هەروەها ئایا ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی (دینەوەری) کراون سەبارەت بە لایەنگریی مەزهەبی، یان پشتگوێخستنی مێژووی سیاسی لەلایەن (ئیبن خەلەکان)ەوە، تاوەکو چەند لەسەر بنەمای بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕاستن؟ هەروەها توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە سروشتی دید و تێڕوانینی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان) بۆ خەلیفەکانی ئەمەوی چۆن بووە؟ ئایا دینەوەری لە گێڕانەوەی ململانێی (ئومەوی) و (عەلەوییەکان)دا بێلایەن بووە؟ هۆکار چی بووە ئیبن خەلەکان بە دەگمەن باسی خەلیفە (ئومەوییەکان)ی کردووە و کاتێکیش باسی کردوون، بە چ دەستەواژەیەک ناوی هێناون؟

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لە دەرخستنی ڕێبازی هەریەک لە (دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان) و مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئومەوی و ساغکردنەوەی ڕاستی و دروستیی ئەو بۆچوونانەی باس لە لایەنگریی یان دژایەتیی ئەم دوو مێژوونووسە دەکەن بۆ دەسەڵاتی ئومەوی دەبینێتەوە، ئەمە سەرەڕای شێوازی مێژووی گشتی لای (دینەوەری) لەگەڵ شێوازی ژیاننامە لای (ئیبن خەلەکان) لە تۆمارکردنی هەمان قۆناغی مێژوویدا دەردەکەوێت.

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، تیشک دەخاتە سەر بەشداریی هزریی مێژوونووسانی کورد لە خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامیدا، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ دوو سەرچاوەی بنەڕەتیی لە کتێبخانەی ئیسلامی وەک (الأخبار الطوال) و (وفيات الأعيان) دەکات، بەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ توێژەران تاوەکو باشتر لە ئاڕاستە فکرییەکانی پشت نووسینەوەی مێژووی ئەم دوو مێژوونووسە تێبگەن.

## میتۆدی توێژینەوە:

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا پەیرەو لە (میتۆدی مێژوویی شیکاری و بەراوردکاری) کراوە. ئەمەش لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەقە ڕەسەنەکانی هەردوو مێژوونووس، هەڵێنجانی

گێڕانەوەکانیان، شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان، پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەی ئەو سەردەمە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی سەرەکی، **بەشی یەکەم :**تەرخان کراوە بۆ دید و تێڕوانینی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) بۆ خەلیفەکانی (ئومەوی)، کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە (ژیاننامەی دینەوەری، و خوێندنەوەی کتێبی (الأخبار الطوال) بۆ دەسەڵاتی ئەمەوی). **بەشی دووەم :**تایبەتە بە دید و تێڕوانینی (ئیبن خەلەکان) بۆ خەلیفەکانی (ئومەوی)، ئەمیش دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت (ژیاننامەی ئیبن خەلەکان و شیکردنەوەی هەڵوێستەکانی لە کتێبی (وفيات الأعيان) بەرامبەر خەلیفەکانیان).

**سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە پشتی بە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن بەستووە، دیارترینیان(الأخبار الطوال)ی دینەوەری. (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان)ی (ئیبن خەلەکان). (تاريخ الأمم والملوك)ی (تەبەری). (معجم الأدباء)ی (یاقوتی حەمەوی). (مروج الذهب)ی (مەسعودی).

**١ _ دید و تێڕوانینی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی**

**١_١_ کورتەیەک لەسەر ژیانی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری)**

(ئەبو حەنیفە) ناوی تەواوی (ئەحمەد کوڕی داود کوڕی وەنندە، نازناوی (ئەبوحەنیفەی دینەوەری)یە (ياقوت الحموي، ١٩٩٣، ج١، ص٢٥٨؛ الصفدی،٢٠٠٠، ج٦، ص٢٣٣.)، مامۆستای (زمان و ڕێزمان و ئەندازیاری و ژمێریاری) بووە، ئەمە جگە لەوەی گێڕەرەوەیەکی متمانەپێکراو بووە (ابن النديم، ، ٢٠٠٩، مج١، ص٢٣٨: السيوطی، ١٩٦٤،ج١، ط١، ص٣٠٦.)، (تەمیم ئەلداری) لە کتێبی (الطبقات السنية في تراجم الحنفية) سەرسام بووە پێی، ئەوەش بە حوکمی شارەزابوونی لە زۆرێک لە زانستەکاندا، لەوانەش (ڕووەکناسی، فەلەکناسی، ڕێزمان، زمان، ئەندازەیی و ئەو زانستانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا (بڕوانە: ١٩٨٣، ج١، ص٣٤٧_٣٥٠.).

ناوبراو لە شاری (دینەوەر) [١] لە ناوچەی (کرماشان) لەدایک بووە، زۆرینەی زۆری گێڕەرەوەکان باسیان لە ساڵی لە دایک بوونی نەکردووە، ئەوەندەیان نووسیووە لە سەرەتای سەدەی سێی کۆچی (نۆیەمی زایینی) لە دایک بووە (الشهابی، مصطفی، ١٩٥١، ج٣، مجلد ٢٦، ص٣٤٨.)،بۆیە ڕێککەوتی لەدایکبوونی بە نادیاری ماوەتەوە. (ئەلبەیاتی) لە ماستەرنامەکەی بەناوی (أبو حنيفة الدينوري منهجه وموارده في كتابه الأخبار الطوال) وەک خۆی ئاماژەی پێکردووە و هەوڵی داوە ڕێککەوتێکی ڕێژەیی بۆ لەدایک بوونی دابنێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ژیانی مامۆستاکانی و سەفەرەکانی بۆ کاری زانست، لە ئەنجامدا ساڵانی نێوان (٢٠٥-٢١٠ک/٨٢٠-٨٢٥ز) بە ساڵی لە دایک بوونی تۆمارکردووە(بڕوانە: ٢٠٠٢، ص٥٧_٥٩. )، سەبارەت بە ساڵی مردنیشی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، لەوانە ساڵانی(٢٨١ک) (بڕوانە: الصفدی،٢٠٠٠، ج٦، ص٢٣٣.)، (٢٨٢ک) ( بڕوانە: البغدادی، ١٩٩٧، ص٥٤.)، (286ک) (بڕوانە: الفيروزابادي، ٢٠٠٠،ص٧٣.)، (٢٩٠ک) وتراوە (بڕوانە: السيوطی، ١٩٦٤، ج١، ص٣٠٦؛ الأدنەوی،١٩٩٧، ص٤٢.)، بەڵام زۆرینە ساڵی(٢٨٢ک/٨٩٥ز) بەڕاست زانیوە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

تەنانەت (یاقوتی حەمەوی) و (قفطی) ڕۆژی مردنیشیان دیاری کردووە، هەروەک ئاماژەیان بەوەکردووە (ئەبوحەنیفە) لە شەوی (دووشەممە) چوار ڕۆژی ماوە بۆ (جومادی یەکەم)ی ساڵی(٢٨٢ک) بەرامبەر بە (یولیو)ی ساڵی (٨٩٥ز) کۆچی دوایی کردووە (بڕوانە: معجم الأدباء، ج١، ص٧٩؛ القفطی، ١٩٧٨، ص٧٨.).

(ئەبو حەنیفە) یەکێک بووە لە دیارترین زانایانی موسڵمانان و لە (کوفە) و (بەسرە) لەژێر دەستی زانای وەک (ئیبن ئەلساکیت)[٢] فێربووە و خوێندویەتی(ابن الندیم، ٢٠٠٩، مج١، ص٢٣٨؛ القفطی، ١٩٨٦، ج١، ص76.) و سەردانی زۆر ناوچەی کردووە. ژیانیشی بە لێکۆڵینەوە و نووسین و وانەوتنەوە بەسەر بردووە، لە شاری (ئیسفەهان) زانستی فەلەکناسی خوێندووە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی(٢٣٥ک/٨٤٩ز) ڕووی لە (ئیسفەهان) کردووە و بۆ ماوەیەک لەوێ ژیاوە و لە چاودێریکردنی ئەستێرەکاندا کاری کردووە (عبدالله، ٢٠١٨، ص23.)، هەروەها ڕۆشتۆتە ناوچەکانی (شام) و (نەجد) و (حیجاز) و (فەلەستین)، سەردانی ناوچەکانی (یەمەن) و (بەحرەین) و (عومان)ی کردووە(البیاتي، ٢٠٠٢، ص٦٨.)، (عەبدولڕەحمان ئەبولحسێن ئەلسوفی) فەلەکناسی بەناوبانگ کە لە ساڵی(٣٧٦ک/٩٨٦ز) کۆچی دوایی کردووە، باسی لەوە کردووە کە لە (دینەوەر) ئەو ماڵەی بینیوە (ئەبوحەنیفە) ساڵانێکی زۆر بۆ چاودێری ئەستێرەکان و لێکۆڵینەوە لەکاری فەلەکناسی کاری تێداکردووە (الشهابی، ١٩٥١، ج٣، مجلد ٢٦، ص٣٥٠؛ عبدالله، ٢٠١٨، ص٢٣_٢٤.).

لە بواری نووسیندا (ئەبو حەنیفە) خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە لەوانە (الفصاحة، الأنواء، القبلة، حساب الدور، الوصايا، الجبر والمقابلة، إصلاح المنطق، النبات، تفسير القرأن لە سیازدە بەرگدا (ابن الندیم، ٢٠٠٩، مج١، ص٢٣٨؛ الزرکلی، ٢٠٠٢، ج١، ص١٢٣.)، الجمع والتفريق، الأخبار الطوال، نوادر الجبر، الكسوف و کتێبی الرد على الأصبهاني) ( الصفدی،٢٠٠٠، ج٦.، ط١.، ص٢٣٤؛ التميمي الداري، ١٩٨٣، ج,١، ص٣٥٠؛ الفيروزابادي،٢٠٠٠، ص٧٣.)، هەروەها بەرهەمەکانی (الباه، ما تلحن فيه العامة، الشعر و الشعراء، البحث فی حساب الهند، البلدان)ە (الصفدی،٢٠٠٠، ج٦.، ط١.، ص٢٣٤؛ التميمي الداري، ١٩٨٣، ج,١، ص٣٥٠؛ الفيروزابادي،٢٠٠٠، ص٧٣. )ە. لە نێو هەموو بەرهەمەکانی زیاتر کتێبەکانی (النبات و اخبار الطوال) بەناوبانگن و زۆرترین قسەیان لەبارەوەکراوە.

هەروەک (ئەلبەیاتی) ئاماژەی پێکردووە (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) یەکەمین زانای ڕووەکناسی موسڵمانان بووە، هەربۆیە بە دامەزرێنەری زانستی ڕووەکناسی لە جیهانی ئیسلامیدا دانراوە(٢٠٠٢، ص٩٤_٩٦.)، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کتێبی (النبات)یش ئەوەیە ڕووەکەکانی بەشێوەیەکی ورد ناساندوە و پێناسەیانی کردووە. ئەمەش لەسەر بنەمای زمانەوانی و تایبەتمەندییەکانی ڕووەکەکە و سوودەکانی، ئەمە و جگە لەوەی شوێنی چاندن و بەرهەمی ڕووەکەکانیشی دیاری کردووە (بڕوانە: عنيزان، ٢٠١١، مج١، العدد١٦، ص١٩٥_٢٠٨.).

ئەو کتێبەی (دینەوەری) وەک ئاماژەی پێکراوە، لە (شەش) بەرگ پێک هاتووە، بەڵام تەنیا بەرگی (پێنجەم)ی کتێبەکە ماوە، هەروەک (برنهارد لڤین) لە پێشەکی کتێبەکەی (النبات)ی (ئەبو حەنیفە) ئاماژەی پێکردووە، ئێستا ئەم بەرگە لە کتێبخانەی زانکۆی (ئەستەنبوڵ) پارێزراوە (الدینوري، ١٩٧٤، ص١.) بەپێی بۆچوونی توێژەری هاوچەرخ (موستەفا شەهابی)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(ئەبو حەنیفە) پێش زۆرێک لە زاناکان لە تێگەیشتن لە سروشت و گەشەی ڕووەکان و گرنگییان کەوتووە(١٩٥١،ج٣، مج٢٦، ص٣٥٣_٣٥٤، ٣٦٤.).

لە بواری مێژووشدا؛ (دینەوەری) یەکێک لە مێژوونووسە دیارەکان بووە، کە خاوەنی کتێبی (الاخبار الطوال)ە، ئەم کتێبە بە باسکردنی سەردەمی ئادەم و نەوەکانی دەستی پێکردووە، پاشان بە کورتی باسی پێغەمبەرانی کردووە، دواتریش چۆتە ناو مێژووی فارس و پادشاکانیان (محمد،١٤٢٧ھ، ص826_٨٢٧.)، بەکورتی باس لە لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام و ئەرکەکەی و ژمارەی ئەو سالآنەی لە (مەککە) و (مەدینە) بەسەر بردووە، کردووە، هەروەها باسی ڕووداوە ناوخۆییەکانی وەک سەقیفەی بەنی ساعیدە و هەڵبژاردنی خەلیفە ئەبو بەکری صدیق و دواتریش شەڕەکانی هەڵگەڕاوەکانی نەکردووە (الشمري ، ٢٠١٠-٢٠١١، العدد١٦-١٧، ص١٥١.)، بەڵام باسی لە دەست بەسەر داگرتنەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فارسەکانی کردووە (بڕوانە: ٢٠٢٣،ج١، العدد٢٥، ص١٢٢_١٢٤.).

دوای ئەوە باس لە ناکۆکییەکانی نێوان موسڵمانان و شەڕەکانیانی بە وردی کردووە، لەوانە باسی کوشتنی خەلیفەی سێیەم (عوسمانی کوڕی عەففان) و بەیعەتدان بە (عەلیی کوڕی ئەبی تالیب) و پاشان وردەکاری شەڕی (جەمەل) و (سەففەین) و سەرهەڵدانی (خەوارج)ەکان و کوشتنی خەلیفە (عەلی) لەسەر دەستی ئەوان کردووە، پاشانیش بەیعەتدان بە (حەسەنی کوڕی عەلی) (محمد، ١٤٢٧ھ ، ص826.)

بەوردی باسی لە ڕووداوەکانی سەردەمی (ئومەوی)یەکانی کردووە، وەک کوژرانی (حسێنی کوڕی عەلی) و دەرکەوتنی (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر) و کوژرانی بە دەستی (ئومەوی)یەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی (خەوارج) و (موختاری سەقەفی) و (عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعث) و سەرهەڵدانی بانگەشەی (عەباسی)یەکان و سەرکەوتنیان بەسەر (ئومەوی)یەکاندا کردووە (السلمي، ١٤٢٩ھ، ص٤٦٥.)، پاشان باس لە سەردەمی (عەباسی)یەکان تاوەکو کۆچی دوایی خەلیفە (موعتەسەمی کوڕی هارون ڕەشید)ی لە ساڵی(٢٢٧ک/٨٤٢ز) کردووە، ئیدی لە دوای ئەم ڕێککەوتەوە باسەکانی کۆتایی پێ هێناوە (بڕوانە الدینوری، ب.س، ص١.).

یەکێک لەو ڕەخنانەی لەم کتێبە گیراوە سەرچاوەکانی زۆر ڕوون نین، چونکە ئەو زنجیرەی گواستنەوە لە شێوەی (تەبەری و ئیبنو لئەسیر)ی بەکارنەهێناوە، لە سەرەتای هەر بابەتێکی نوێدا، زۆرجار وشەی (ئەوان گوتیان)ی بەکارهێناوە(السلمي، ١٤٢٩ھ، ص٤٦٥.).

لە بواری باوەڕیشدا، سەرەڕای ئەوەی باس لە (حەنیفە)بوونی کراوە، کەچی تۆمەتی (شیعە)بوونی خراوەتە پاڵ (البیاتي، ٢٠٠٢ ، ص٦٠. )، نووسەری کتێبی (مناهج اللغويين في تقرير العقيدة) ئاماژەی بەوەکردووە، (ئەبو حەنیفە) لە کتێبەکەیەوە (الاخبار الطوال) (شیعە)بوونی خۆی بە کومەڵێک ئاماژەی بەڵگەیی دەرخستووە (محمد، ١٤٢٧ھ ، ص826.).

### ١_٢_ تێڕوانینی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی

لە کۆی ئەو بەرهەمانەی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) نووسیویەتی یەک بەرهەمی تایبەتی بە مێژوو لێ بەجێماوە، ئەویش کتێبی (الاخبار الطوال)ە، لە کۆی کتێبەکەی و لەو چاپەی بەرچاوی ئێمە کەوتووە و لە تێزەکەمان بەکارمان هێناوە زیاتر لە (٤٠٥) لاپەڕەیە،

نزيكەی(١٥٠)لاپەڕەی بۆ باس كردنی دەوڵەتی ئومەوی و خەلیفە و بەرپرسەكانی تەرخان كردووە، لە باسكردنی دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوی و وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن (معاویەی كوڕی ئەبو سوفیان/٤١_٦٠ك/٦٦١_٦٨٠ز) وەک یەكەم خەلیفەی ئەم دەوڵەتە دەستی پێكردووە، باسی لەوەكردووە چۆن (حەسەنی كوڕی عەلی كوڕی ئەبو تالیب) سازشی بۆ (معاویە) كردووە و لەسەر بنەمای كۆمەڵێک داواكاری وازی لە پۆستی خەلافەت بۆ (معاویە) هێناوە[٣]، پاشان چۆن (حەسەن) لایەنگرانی ئاگاداركردۆتەوە شاری (كوفە) بۆ (معاویە) جێ بهێڵن و خۆیشی بۆ شاری (مەدینە) چووە، خەڵكی شارەكەش بەیعەتیان بە (معاویە) داوە، دوای بەیعەتدانی خەڵكی (كوفە) بە (معاویە)، (معاویە) گەڕاوەتەوە بۆ (شام) و شارەكەی بۆ (موغەیرەی كوڕی شوعبە) وەک والی دەوڵەتی ئومەوی بە جێ هێشتووە (بڕوانە: اخبار الطوال، ب.س، ص٢١٨.)، لێرەوە ئەمە دەكاتە دەروازەیەک بۆ باسكردنی دەوڵەتی ئومەوی و فەرمانڕەواكانی.

شایەنی باسە (ئەبو حەنیفە) لەم ڕێككەوتنە هیچ بۆ چوونێكی دەرنەبڕیووە، جگە لەوەش بەدواداچوونی بۆئەوە نەكردووە؛ ئایا (معاویە) هیچ یەک لەو بەڵێنانەی جێبەجێكردووە، بە (حەسەنی كوڕی عەلی) داوە؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەكان هەندێكیان بە وردی تیشكیان خستۆتە سەر ئەوەی (معاویە) لەو بەندانەی ڕێككەوتنەكە لایداوە و زۆرینەی جێبەجێ نەكردووە[٤].

ئەگەرچی (ئەبو حەنیفە) تۆمەتبار كراوە بەلایەنگرانی (عەلی كوڕی ئەبو تالیب) و شیعەگەری، كەچی لە باس كردنی كوژرانی (حەجری كوڕی عودەی)ی و هاوەڵانی، هەڵوێستێكی ئەوتۆی نەبووە، هەروەک كوژرانی كەسێكی ئاسایی وێنای كردووە، لە كاتێكدا (حەجر) یەكێک بووە لە هەوادارانی بنەماڵەی عەلی و زۆر نزیک بووە لەو بنەماڵەیەوە، كوژرانەكەشی هەر بەهۆی خۆش ویستنی ماڵباتی (عەلی) بووە (الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص١٣٩-١٤١؛ ابن الأثیر، ب.س، اسد الغابة، ص٤٦١-٤٦٢.)، تەنانەت كاتێک باس لە كوژرانی (حەجر)ی كردووە، ئاماژەی بەوە داوە كەسێک چۆتە لای (معاویە) و نارەزایی دەربڕیووە لە كوژرانی (حەجر) و هاوەڵانی، بەڵام (معاویە) وتوویەتی: من بەنیاز بووم لێیان خۆشبم، بەڵام نامەكەی زیادم (مەبەستی زیاد ئیبن ئەبییە) بۆهات و ئاگاداری كردمەوە ئەوان سەركردەی ئاژاوەن. تەنانەت باس لە كۆمەڵێک شایەت حاڵی كردووە، (حەجر) و هاوڕێكانی وەكو سەری ئاژاوەگێڕی كوژراون (بڕوانە: الاخبار الطوال، ص٢٢٣-٢٢٤.).

لە باسی مردنی (حەسەنی كوڕی عەلی) باسی ئەو ڕاوبۆچوونانەی نەكردووە، دەربارەی مردنەكەی وتراون و نووسراون، وەک ئەوەی لە سەرچاوەكانی تر باسكراوە، كە مردنی (حەسەن) دەستی (یەزیدی كوڕی معاویە)ی تێدا بووە(ابی الفداء، ب.س، ج١، ص١٨١؛ ابن كثیر، ١٩٩٧، ج١١، ص٢٠٨.)، تەنانەت لە گێڕانەوەی تردا هاتووە دەستی خودی (معاویە)شی تێدا بووە(المسعودی،١٩٨٨، ج٢، ص٢٧٩-٢٨٠؛ الاصفهانی، ١٤١٦هـ، ص٨٠.)، لە كاتێكدا بابەتەكە لای (ئەبو حەنیفە) وەک هەر مردنێكی ئاسایی باس كراوە و هیچ هاوخەمییەكی دەرنەبڕیووە بۆ مردنەكەی (بڕوانە: الاخبار الطوال، ص٢٢١-٢٢٢.)، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە و دەبێتە بەڵگەیەک، (ئەبو حەنیفە) وەک شوێنكەوتە و هەواداری بنەماڵەی (عەلی كوڕی ئەبوتالیب) دەرنەكەوتووە، بەجۆرێک ڕووداوەكانی تۆماركردووە تارادەیەک لە

بەرژەوەندی بنەماڵەی ئومەوی و دەوڵەتەکەیان بێت، نەک ئەوەی خاوەن ئایدۆلۆجیایی شیعەگەری بێت.

یەکێکی تر لەو نموونانەی تر، (ئەبو حەنیفە) ویستویەتی خۆی لێ لابدات هەندێک ڕووداوی دژ بە بنەماڵەی ئومەوی و دەوڵەتەکەیانە، وەک باسکردنی بەیعەتدان بە (یەزید) لەسەر داوای (معاویە) کارەکە بە ناچاری بووە (ابن قتيبة،١٩٩٠، ج١، ص٢١٢؛ المقدسی، ج٦، ص٧؛ الصفدی، ١٩٩١، تحفة، ص٩٩-١٠٠. )، لە کاتێکدا بە پێی ڕێککەوتنامەکەی نێوان (حەسەنی کوڕی عەلی) و (معاویە) دەبوو خەلافەت لە دوای (معاویە) بە ڕاوێژ بێت، نەک پشتاوپشت و بنەماڵەیی(البلاذری، ١٩٩٦، ج٣، ص٢٨٧؛ الطبری، ب.س، ج٣، ص١٦٥؛ فضل الله، ب.س، ص١٣٠-١٣١.) ، تەنانەت (ئەبو حەنیفە) لە باسکردنی دانانی (یەزید) هەرئەوەندەی باسکردووە؛ (معاویە) پێش مردنی داوای لە والییەکان کردووە (یەزید)ی کوڕی لە شوێنی دابنرێت، کاتێکیش (معاویە) لە سەرەمەرگ بووە (یەزید)ی کوڕی لە دەرەوەی شاری (دیمەشق) بووە، کاتێک (یەزید) گەڕاوەتەوە ڕۆیشتۆتە مزگەوت، ئەوکات داوای لە خەڵک کردووە بەیعەتی پێبدەن، بۆیە بەیعەتیان پێداوە (بڕوانە: اخبار الطوال، ب.س، ص٢٢٥-٢٢٦.).

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، زۆر بەوردی ڕووداوەکانی ڕۆشتنی (حسێنی کوڕی عەلی) بۆ (مەککە) و ناردنی (موسلمی کوڕی عەقیل)ی ئامۆزایی وەک نوێنەری بۆ شاری (کوفە) و کوشتنی (موسلم) لەلایەن (عوبەیدڵای کوڕی زیاد)ی والی (بەسرە) و (کوفە)، پاشان ڕۆشتنی خودی (حسێنی کوری عەلی) بۆ (کوفە) و کوژرانی لەلایەن پیاوەکانی (عوبەیدڵا)وە بە وردی باسکردووە و زیاتر لە (سی) لاپەڕەی بۆ ئەم ڕووداوانە تەرخان کردووە (بڕوانە: اخبار الطوال، ص٢٢٩_٢٦٢.).

دوای کوژرانی (حسێن)، (یەزیدی کوڕی معاویە) بۆ ملکەچکردنی خەڵکی شاری (مەککە) کە لە ژێر دەسەڵاتی (عەبدوڵای کوڕی زوبێری کوڕی عەوام) بووە (اليعقوبی،٢٠١٠، ج٢، ص١٦٦؛ المقدسی، ب.س، ج٦، ص١٣-١٤.)، هەروەها خەڵکی شاری (مەدینە) کە لەژێر دەسەڵاتی (عەبدوڵای کوڕی خەنزەلە) بووە (ابن قتيبة، ١٩٩٠ ،ج١، ص٢٣٣؛ الذهبی، الاعلام،٢٠٠٢، ج٣، ص٣٢٤.)، سوپایەکی ئاڕاستەی ئەو (دوو) شارە کردووە، یەکێک لەو کارە قێزەونانەی سوپاکەی (یەزیدی کوری معاویە) ئەنجامیداوە، ئەتککرنی شاری (مەدینە) بووە لەلایەن ئەم سوپایەوە، بەجۆرێک وەک مێژوونووسان باسیان کردووە لەو هێرشەدا هەزار کچ سکیان پڕ بووە، بەبێ ئەوەی هاوسەریان هەبێت (ابن الجوزی،١٩٩٢، ج٦، ص١٥؛ ابن كثير، ١٩٩٧، ج١١، ص٦٢١.)، تەنانەت (ئەبو حەنیفە) لە مێژووەکەیدا باسی لەو ڕووداوە نەکردووە، ئەگەرچی بابەتێکی تەرخان کردووە بۆ ئەو هێرشانە و ملکەچ کردنی خەڵکی ئەو دوو شارە و باسی لە هەندێک ڕووداوی تری کردووە، بە بێ ئەوەی باسی تاوانەکانی سەر شاری (مەدینە) و (مەککە) بکات (بڕوانە: اخبار الطوال، ب.س، ص٢٦٤-٢٦٩.).

یەکێکی تر لەو ڕووداوە گرنگانەی (ئەبو حەنیفە) لە مێژووەکەیدا باسی نەکردووە و خۆی لێلداوە و نەیویستووە باسی بکات، ئەوەیە؛ لە دوای مردنی (یەزیدی کوڕی معاویە) باسی لە دانانی (معاویەی کوڕی یەزید_ معاویەیی دووەم/ ٦٤ك/ ٦٨٤ز)ی نەکردووە [5]، هەروەها باسی ئەوەشی نەکردووە چۆن (معاویەی دووەم) وازی لە دەسەڵات هێناوە(ابن الاثير، ١٩٨٧،

الكامل، ج٣، ص٤٦٨؛ النويرى، ٢٠٠٤، ج٢٠، ص٣١٣.)، بنەماڵەی ئومەوییە جۆرێک لە بێهیواییان پێوە دیار بووە و ڕێبەرێکیان نەبووە بۆ حوکمڕانی دەوڵەتەکەیان، تاوەکو ئەوەی لە ناوچەی (جابییە [٦]) لایەنگرانی بنەماڵەی ئومەوی لە وێدا (مەروانی کوڕی حەکەمی کوڕی ئەبی عاس)یان وەک خەلیفە هەڵبژاردووە(ابن سعد، ب.س، ج٧، ص٤٥؛ ابن العمرانى، ١٩٩٩، ص٤٩.) ئەوەندە هەیە پێش کۆبوونەوەی (جابییە) (ئەبو حەنیفە) باسی لەوە کردووە (مەروانی کوڕی حەکەم) ئەوەندە بێ هیوا بووە، ویستویەتی بەیعەت بە (عەبدوڵای کوڕی زوبێر) بدات، تاوەکو ئەوەی (عوبەیدڵای کوڕی زیاد ئیبن ئەبی) ساردی کردۆتەوە لەو بۆ چوونەی و پشتیوانی بەیعەت پێکردنی کردووە (اخبار الطوال، ب.س، ص٢٨٥.).

لە باسکردنی کوژرانی (عەبدوڵای کوڕی زوبێر) لەلایەن (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی) و بە فەرمانی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان) خەلیفەی دەوڵەتی ئومەوی لە ساڵی(٧٣ک/٦٩٢ز) زۆر بە سادەی لەسەری دواوە وەک هەر ڕووداوێکی ئاسایی لێی ڕوانیووە، بە چەند دێڕێک باسی کوژرانەکەی کردووە [٧]، ئەمە لە کاتێکدا لەناوبردنی (عەبدوڵا) و کوژرانی دەبوو گرنگی پێبدات و بەوردی باسی ئەو خراپە کاریانەی دەوڵەتی ئومەوی و سوپاکەی بکات، هەر لە گەمارۆی توندی ئابووری بۆ ماوەی چەند مانگێک و برسی کردنی خەڵکەکەی [٨] تا دەگاتە پەکخستنی ئەرکانەکانی حەج(البلاذرى، ١٩٩٦، ج٧، ص١١٦؛ النويرى، ٢٠٠٤، ج٢١، ص٨٢.).

سەربارى ئەوانەش، (عەبدوڵا) کەسێکی ئاسایی نەبووە شۆڕشێکی کورت مەودای کردبێت و دامرکێنرابێتەوە، ئەو هەر لەگەڵ مردنی (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) و هاتنی (یەزید)ی کوڕی لە ساڵی (٦٠ک/٦٨٠ز)( ابن حبیب، ٢٠٠٩، بیروت، ص٢١؛ الطبرى، ١٩٨٥، استشهاد، ص٢٩؛ الطبرانى، ١٩٩٢، ص٣٨.)' دەستی بەسەرناوچەکانی حیجاز، بەتایبەتی شاری (مەککە) گرتبوو، تاوەکو ئەوکاتەی لە ساڵی (٧٣ک/٦٩٢ز) کوژراوە ئەو ناوچانە بە دەستی ئەوەوە بووە، ئەمە جگە لە دەستگرتنی بەسەر ناوچەکانی عێراق بۆ ماوەیەک و حوکمڕانی لەلایەن (مەسعەبی کوڕی زوبێر)ی برای تاوەکو کوشتنی مەسعەب لە ساڵی(٧١ک/٦٩٠ز) بە دەستی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)( المسعودى، ب.س، التنبیة، ص٢٧٠-٢٧١؛ السيد، ١٩٩٨، ص١٣٠-١٣٢.)، تەنانەت هەندێک لە مێژوونووسانی هاوچەرخ بەهۆی ئەو دەسەڵاتە فراوانە و ئەو ماوە زۆرەی لە ناوچەیەکی گرنگی ژێردەسەڵاتی موسڵمانان حوکمڕانی تێداکردووە بە خەلیفەی موسڵمانانیان زانیوە [٩]، ئەمە لە کاتێکدا (ئەبو حەنیفە) فەرمانڕەوایانی ئومەوی بە خەلیفە زانیووە، بەڵام کاتێک باسی (عەبدوڵای کوڕی زوبێر)ی کردووە بە سوڵتان ناوی بردووە، نەک خەلیفە (بڕوانە: اخبال الطوال، ب.س، ص٣٠٩.).

کاتێک دێتە سەر حوکمڕانی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز/ ٩٩_١٠١ک/ ٧١٨_٧٢٠ز) سەرپێیانە باسی سەردەمەکەی کردووە، باسی کارە چەکەخوازەکانی [١٠] ئەم دەسەڵاتدارەی دەوڵەتی ئومەوی نەکردووە، ئەمە جگە لەوەی بە چەند دێڕیک باس لە دەستبەکاربوون و مردنی کردووە (بڕوانە: اخبال الطوال، ب.س، ص٣٣١.) باسی ئەو ڕاوبۆچوونانەی نەکردووە، کە باس لە ژەهر خواردکردنی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) لەلایەن خودی بنەماڵەکەیەوە کراوە (الصلابى، ب.س، الخليفة الراشد، ص٢٩٥.).

لە باسکردنی هاتنی (هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک/١٠٥_١٢٥ك/ ٧٢٤_٧٤٣ز) بۆ سەر دەسەڵات، ڕاستەوخۆ چۆتە سەر بانگەشەی (عەباسی)یەکان دژی دەسەڵاتدارێتی

(ئومەوی)یەکان، هەروەها ئاماژەی بەوەکردووە، بەهۆی نادادپەروەری و خراپەکاری خەلیفەکانی ئومەوی و والی و بەرپرسەکانیان، خەڵکێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانی خوراسان وەڵامی بانگەوازەکەیان داوەتەوە (بڕوانە: اخبال الطوال، ب.س، ص٣٣٥.). لەم دەبڕینەوە بۆمان دەردەکەوێت (ئەبو حەنیفە) تارادەیەک ڕەوایەتی داوە بە بانگەشەی عەباسییەکان و پشتگیری شۆڕشەکەیان دژ بە ئومەوییەکان کردووە.

(ئەبو حەنیفە) ئاماژەیەکی ئەوتۆی بە خەلیفە دواینەکانی وەک (وەلیدی کوڕی یەزید/ ١٢٥_١٢٦ك/ ٧٤٣_٧٤٤ز) و (یەزیدی کوڕی وەلید/١٢٦ك/٧٤٤ز) و (ئیبراهیمی کوڕی وەلید/ ١٢٦_١٢٧ك٧٤٤_٧٤٥ز) نەکردووە، بۆیە سەرپێیانە سەردەمەکەیانی باس کردووە(بڕوانە: ص٣٤٧-٣٥٠.). ئەوەی تایبەتە بە دواین خەلیفەی ئومەوی (مەروانی کوڕی محەممەد/١٢٧_١٣٢ك/ ٧٤٥_٧٤٩ز) باسی ئەو کۆدەتایەی (مەروان)ی کردووە، کە بەسەر (ئیبراهیمی کوڕی وەلید)دا کردویەتی، لە جێگەکەیدا خۆی بووە بە خەلیفەی ئومەوی (الیعقوبی، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٦٧؛ ابن العدیم ،١٩٩٦، ص٢٨-٢٩.).

بەوردی باسی ئەوەی کردووە، چۆن عەباسییەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانیان و سەرکردە سەربازییەکانیان توانیویانە لە ناوچەی خۆراسانەوە شۆڕشەکەیان دەست پێبکەن و قۆناغ بە قۆناغ دەست بەسەر ناوچەکان بگرن و تاوەکو ئەوەی دەست بەسەر دیمەشق و پاشان ڕاگەیاندنی خەلافەتیان لە شاری کوفە و کۆتای هێنانی بە خەلافەتی ئومەوی (بڕوانە: ص٣٦٠_٣٦٩.).

**٢_ دید و تێڕوانینی (ئیبن خەلەکان) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی**

**٢_١_ کورتەیەک لەسەر ژیانی (ئیبن خەلەکان)**

(ئەحمەدی کوڕی محەممەدی کوڕی ئیبراهیم) ناسراو بە (ئیبن خەلەکان)، لە ساڵی( ٦٠٨ك/١٢١١ز) لە (هەولێر) لە دایک بووە (ابن الشعار، ج١، ص ٣٤٥-٣٤٦؛ عبدالله، ١٩٩١، ص٧٧.)، لە زانستی (ئەدەب) و (شیعر) و مێژووی ڕووداوەکاندا زانایەکی ناسراو بووە(الصفدی، ٢٠٠٠، ج٧، ص٢٠١؛ العلوانی، صالح، ٢٠٢٥، مجلد(١٢)، العدد(٤٢)، ص٩٧٦.)، (ئیبن شاکری ئەلکوتبی) بەم شێویە وەسف و ستایشی (ئیبن خەلەکان)ی کردووە ( پیاوێکی بەفەزڵ، لێهاتوو، کارزان و شارەزا لە مەزهەبدا، خاوەن فەتوای جوان بووە و شارەزاییەکی قووڵی لە زمانی عەرەبیدا هەبووە، زانایەکی گەورەی ئەدەب و شیعر و مێژووی خەڵکی بووە، زۆر خوێنەرەوە و قسەخۆش و خاوەن ڕێز و شکۆیەکی زۆر بووە، کتێبی (وفیات الأعیان)ی داناوە کە زۆر بەناوبانگە، جگە لەوە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیی تریشی هەیە (ابن شاکر، ١٩٧٣، ج١، ص١١٠.).

قوتابخانەی (موزەفەرییە) کە لەلایەن (مەلیک موزەفەردین کۆکبەری) لە هەولێر دامەزراوە، باوکی (ئیبن خەلەکان) لەوێ مامۆستا بووە، بەڵام هەر لە تەمەنی منداڵی (ئیبن خەلەکان) باوکی کۆچی دوایی کردووە. وەک نەریتی منداڵەکان لە قوتابخانەی موزەفەرییە نابراو بەرەو ڕێگای زانست و خوێندن ئاڕاستە کراوە، بۆیە لە قوتابخانەکە لەنێو زانا گەورەکاندا ماوەتەوە و سەرقاڵی خوێندن بووە، هاوڕێکانی باوکی لەشێخە پایەبەرزەکان بوون، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەویان لە ئەستۆ گرتووە، هەروەها (مەلیک موزەفەر)یش سۆزی خۆی پێ بەخشیوە (السیدا، ٢٠٠٧، ص١٦٧.).

(ئیبن خەلەکان) لە دوای گەورەبوونی لە (موسڵ) لەسەر دەستی (کەمالەدین ئیبن یونس) فیقھ خوێندیەتی و لە (حەلەب)یش لەسەر دەستی قازی (بەھائەدین ئیبن شەداد) و کەسانی دیکە زانستی وەرگرتووە (الأسنوي، ١٣٩١ھ، ج١، ب.ط، ص ٤٩٧). پاشان چۆتە (میسر) و ماوەیەک لێی ماوەتەوە (الصفدی، ٢٠٠٠، ج٧، ص٢٠١؛ روزنثال، ١٩٨٣، ص٧٦٤)، ھەر لە (میسر) وەکو جێگری قازی (بەدرەدینی سنجاری) کاری دادوەری کردووە (الأسنوي، ١٣٩١ھ ، ج١، ص٤٩٧).

(ئیبن خەلەکان) لە ساڵی (٦٥٤ک/١٢٥٦ز) لە شاری (قاھیرە) دەستی بە نووسینی کتێبی (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان[11]) لە چەند بەرگێک کردووە، کە ئەوکات تەمەنی( ٤٦) ساڵ بووە، بەڵام لەکاتی وەرگرتنی پۆستی دادوەریی شاری (دیمەشق)دا ناچار بووە لە نووسین و تەواوکردنی کتێبەکەی دابڕێت، جارێکی تر و لە ساڵی (٦٧٢ک/١٢٧٣ز) دەستی بە تەواوکردنی کتێبەکەی کردۆتەوە، کۆپیەکی ئەم کتێبە تاوەکو ئێستاش لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە ( عبدالله، ١٩٩١، ص٧٧).

(وفيات الأعيان) بە یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین کتێبەکانی ژیاننامە لە مێژووی ئیسلامیدا دادەنرێت و بە ئینسایکلۆپیدیایەکی گەورە لە کتێبەکانی ژیاننامەدا ھەژمار دەکرێت، تێیدا پۆلێنی (زانایان، ئەدیبان، فەرمانڕەواکان، شاعیران و فەیلەسوفان) و چینەکانی دیکەی کردووە. بە وردبینی و بابەتیبوون لە گێڕانەوەی مێژوویی و بابەتەکانی دیکەدا جیا دەکرێتەوە، شێوازی نووسەر لە گێڕانەوەی ڕاستییەکاندا دەردەخەن، بە جۆرێک بە سەرچاوەیەکی مێژوویی دادەنرێت ھیچ توێژەرێکی بواری ژیاننامە ناتوانێت بێ گەڕانەوە بۆ ئەم کتێبە کار بکات (العلوانی، صالح، ٢٠٢٥، ص٩٧٦).

ناوبراوە لە مانگی (زولحەجە_ئۆکتۆبەر)ی ساڵی (٦٥٩ک/١٢٦١ز) بۆ وەرگرتنی پۆستی قازی ڕۆیشتوەتە (شام) (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج١، ص٥؛ الصفدی، ٢٠٠٠، ج٧، ص٢٠١. ) (ئەلیونینی) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی (٦٦٢ک/١٢٦٤ز) ئاماژەی بەوەکردووە (ئیبن خەلەکان) قازی (دیمەشق) بوو (اليونيني، ١٩٥٤، ج١، ص٥٥٠.)، لە ساڵی (٦٦٩ک/١٢٧١ز) لە پۆستی قازی لادراوە و کەسێکی تر لە جێگەی دانراوە، بەڵام دوای (حەوت) ساڵ جارێکی تر لە ھەمان جێگە دانراوەتەوە، بۆیە لە (میسر)ەوە گەڕاوەتەوە بۆ (دیمەشق) (ابن شاكر الكتبى، ١٩٧٣، ج١، ص١١٠-١١١؛ الأسنوي، ١٣٩١ھ ، ج١، ص٤٩٧).

دوای پیشەی دادوەریەکەی ماوەیەک لە قوتابخانەکانی (ئەمینیە و نەجیبیە)وانەی وتۆتەوە تاوەکو ئێوارەی ڕۆژی (شەممە)، ڕێکەوتی (٢٦)ی (ڕەجەب)ی ساڵی (٦٨١ک) بەرامبەر بە(٥)ی (ئۆکتۆبەر)ی (١٢٨٢ز)ی لە ھەیوانی قوتابخانەی (نەجیبیە) کۆچی دوایی کردووە، ھەر لەوێش بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر بەخاک سپێردراوە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج١، ص٧؛ الأسنوي، ١٣٩١ھ ، ج١، ص٤٩٧).

**٢_٢_ تێڕوانینی (ئیبن خەلەکان) بۆ خەلیفەکانی ئومەوی**

ئەگەر تێبینی بکەین لە ھەموو بەرگەکانی کتێبی (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان) ئیبن خەلەکان باسی خەلیفەکانی ئومەوی و دەوڵەتەکەیانی نەکردووە، ئەگەرچی کتێبەکەی باس لە مێژووی کەسایەتییە دیارەکانی ناو جیھانی ئیسلامی لەسەردەمی پێش خۆی وسەردەمەکەی خۆی کردووە، دەردەکەوێت بە دەگمەن نەبێت باسی کەسایەتییەکی نەکردبێت، کەچی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

بەگشتی گرنگی نەداوە بە ژیاننامەی خەلیفەکانی ئیسلام. لەناو ئەو چوارچێوەیەش بە تایبەتی خەلیفەکانی ئومەوی، ئەوەی ئێمە بەرچاومان کەوتووە بە تەنیا باسی لە (سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک) کردووە و ژیاننامەکەی خستۆتە ڕوو ( بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٢، ص ص ٤٢٠-٤٢٦.)، هەروەها بە چەند دێڕێکی کەمیش ناوی (ئیبراهیمی کوڕی وەلید)ی هێناوە (بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤، ج١، ص٤٤٣.)، دەنا سەرجەم خەلیفەکان مەگەر لە دێڕێک یان چەند دێڕیک لە باسی ژیاننامەی والییەکی ئومەوی وکاربەدەستانی ناو دەوڵەتی ئومەوی ناوی خەلیفەیەکی ئومەوی هێنابێت، بە جۆرێک ئاماژە بە حوکمڕانی ئەوە والیە بکات، کە لە سەردەمی ئەو خەلیفەیە حوکمڕانی کردووە. نهێنی پشت ئەم باس نەکردنەی ئیبن خەلەکان وەک لە پێشەکی کتێبەکەی ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی "ناوی هیچ کام لە هاوەڵانم نەبردووە ڕەزای خوایان لێبێت، هەروەها لە شوێنە شوێنکەوتووەکانیش ڕەحمەتی خوایان لێبێت، مەگەر ژمارەیەکی کەم نەبێت، کە خەڵک پێویستی زۆری بەوە بووە هەواڵیان بزانێت، هەروەها باسی خەلیفەکانیشم نەکردووە، ئەمەش بەپشتبەستن بەو بەرهەمە زۆرانەی، کە لەم بوارەدا هەن، بەڵام باسی کۆمەڵێک لەو کەسایەتییە بەڕێزانەم کردووە کە بینیومن و لێم وەرگرتوون، یان لە سەردەمی مندا بوون و نەمبینیون، بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای من دێن ئاگاداری بارودۆخیان بن."(بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤، ج١، ص٢٠.) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە ئەنقەست خۆی لە نووسینەوەی ژیاننامەیان بواردووە، چونکە بەشێک نەبوون لە پڕۆژە سەرەکییەکەی، کە تۆمارکردنی ژیانی کەسایەتییە کەمتر ناسراوەکانی مێژووی ئیسلام بووە، وەکو خۆی ئاماژەی پێداوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر هەندێک لەو لایەنانەی (ئیبن خەلەکان) باسی کردوون، بۆمان دەردەکەوێت جۆرێک لە دژایەتی بۆ بنەماڵەی ئومەوی و لایەنگیری بۆ بنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) پێوە دیارە، بە جۆرێک لەو کێشانەی لە نێوان بنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) و بنەماڵەی ئومەوی دروست بووە، پشتگیری بنەماڵەی (عەلی) کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی لەو جێگانەی باسی (موعاویە)ی کردووە لە کێشە و ململانێکان وشەی (رضي الله عنه) بۆ (موعاویە) بەکارنەهێناوە، کەچی نەک بۆ خودی (عەلی)، بەڵکو ئەو دەستەواژەیەی بۆ برا و نەوەکانی (عەلی)ش بەکارهێناوە ( بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٦، ص ١٥٦.).

یەکێک لەو گفتوگۆیانەی (ئیبن خەلەکان) گواستویەتییەوە گفتوگۆی نێوان (معاویە) و (عەقیلی کوڕی ئەبو تالیب[١٢])ە، کە دوای ناکۆکی (عەقیل) لەگەڵ (عەلی)، (عەقیل) ڕۆشتۆتە لای (معاویە)[١٣]، سەرەتا وەک کارتێک بۆ دژی (عەلی)، (معاویە) ڕێزی لە عەقیل گرتووە، بەڵام دوای ئەوەی (عەلی)کۆچی دوای کردووە (معاویە) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بوونی (عەقیل)ی لا قورس بووە، بۆیە ڕێزی لێ نەگرتووە، وەک ئاماژەی پێدراوە جارێکیان لە دانیشتنێکی خەڵکی شامدا ئایەتی(تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ[١٤])ی خوێندۆتەوە، پاشان بە خەڵکی دانیشتنەکەی وتووە: دەزانن ئەم (ئەبو لەهەب)ە کێیە ئەم ئایەتەی لەسەر دابەزیووە؟ خەڵکی شام وتیانە: نەخێر نازانین. (معاویە)ش وتویەتی: مامی ئەمەیە و ئاماژەی بە (عەقیل) کردووە. (عەقیل)یش وەڵامی (معاویە)ی داوەتەوە و وتویەتی: ئایا دەزانن ژنەکەی (ئەبو لەهەب) کێیە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ[١٥] ﴾؟ وتویانە: نەخێر نازانین. (عەقیل)یش وتویەتی: پوری ئەمەیە و ئاماژەی بە (معاویە)کردووە و وتویەتی ئەو (ئوم جەمیل کچی حەربی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمس کوڕی عەبد

مەناف[١٦])، کە هاوسەری (ئەبو لەهەب) بووە و لەم سوورەتەدا ئاماژەی پێکراوە. وەک (ئیبن خەلەکان) ئاماژەی پێکردووە ئەمە یەکێک بووە لە وەڵامە بێدەنگەکان (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٥، ص١٥٦_١٥٧.) گێرانەوەی ئەم بەسەرهاتە وەک دژایەتی بۆ بنەماڵەی ئومەویی و سەرکەوتنی (عەقیل) وێنا دەکرێت.

کاتێک باسی حوکمڕانیشی کردووە، باسی لەوە کردووە، کە چۆن (معاويه) بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی لەناو موسڵماناندا گواستۆتەوە بۆ ناو بنەماڵەکەی، لەوانیشەوە بۆ (مەروانی)ییەکان[١٧] و پاشانیش بۆ بنەماڵەی (عەباسی)یەکان (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٧، ص١٥٥.) .واتا شورای پشتگوێ خستووە و دەسەڵاتی کردۆتە پشتاوپشت و بنەماڵەی و دوای خۆیشی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکان سوودیان لەو کارەی (معاويه) وەرگرتووە.

ئەگەرچی (ئیبن خەلەکان) هیچ باسێکی بۆ (یەزیدی کوڕی موعاویە) تەرخان نەکردووە، هەروەک چۆن بۆ (معاويه)شی نەکردووە، بەڵام کاتێک باسی ژیاننامەی کەسێکی قورئان خوێن لە شاری مەدینە کردووە، ئاماژەی بەوەکردووە، لە پێش (ڕووداوی حرە) لە مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) قورئانی خوێندووە، دواتر درێژەی بە باسەکەی داوە و ئاماژەی بەوە کردووە پێویست دەکات ڕۆژی (حرە) بناسێنێت، کە ئەو ڕۆژە بووە (یەزیدی کوڕی معاويه) سوپایەکی ناردووەتە سەر شاری (مەدینە) و لەو جێگەوە پێی وتراوە (حرە) بەسەر شارەکە سەرکەوتووە و سوپاکەی هەتکی شارەکەیان کردووە بە جۆرێک ساڵی دواتر هەزار منداڵی بێباوک لەو شارە لە دایک بووە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٦، ص ٢٧٥-٢٧٦. ).

ئەگەر تێبینی تۆمارە مێژووییەکان بکەین لە گێرانەوەی کوژرانی (عەبدوڵای کوڕی زوبێر) بەدەستی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان) و (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی) (ابن سعد، ٢٠٠١ ، ج٧، ص٢٢٦؛ الطبرى، ب.س، ج٣، ص٥٤١.) (ئیبن خەلەکان) بەجۆرێک باسی کردووە هەست بە ستەم لێکراوی کوڕی (زوبێر) و ستەمی دەسەڵاتی ئومەوییەکان ئەکەیت، کە چۆن (حەجاج) تامەزرۆی کوشتنی کوڕی (زوبێر) بووە و (عەبدولمەلیک) پاڵپشتی ئەو کوشتنەی کردووە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص ص ٧٢-٧٥.).

وەک پێشتر باسمان کرد، لەناو هەموو خەلیفەکانی ئومەوی (ئیبن خەلەکان) وەکو خەلیفەیەکی جیاواز باسی (سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک)ی کردووە، لە کۆی (حەوت) لاپەڕە (بڕوانە: ج٢، ص٤٢٠-٤٢٦.) کە بۆی تەرخان کردووە، بۆمان دەردەکەوێت بۆچوونی بۆ ئەم خەلیفەیە زیاتر وەک کەسێکی باش و میهرەبان دەری خستووە، هەربۆیەش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە خەڵکی بە مایەی خێریان زانیووە و ناویان ناوکلیلی خێر، هەروەها خەڵکی وتوویانە بەخێر دەستی پێکرد و بەخێر کۆتایی پێهێناوە(ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٢، ص.٤٢٠.)، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕێچکەی (حەجاج)ی لەناوبرد و دیلەکانی ئازاد کرد، زیندانەکانی چۆڵ کرد (ابن الاثير،١٩٨٧، ج٤، ص٣١١؛ ؛ الصفدى،١٩٩٢، تحفة ذى الباب، ج١، ص ص١٣٩-١٤٠. )، جگە لەوە چاکەی لەگەڵ خەڵکدا کرد، بەوەی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی کردە جێنشینی خۆی(اليعقوبى، ٢٠١٠، ج٢، ص٢٢٦؛ ابى الفداء، ب.س، ج١، ص٢٠٠؛ للقلقشندى، ب.س،ج١، ص١٣٩-١٤٠.).

ئەوەی تێبینی کراوە لای (ئیبن خەلەکان) لە هەندێک شوێنی کتێبەکەی کاتێک باسی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی کردووە، وشەی (رضي الله عنه) بەکارهێناوە (بڕوانە: ابن خلكان،

١٩٩٤، ج٢، ص٤٢٠، ٥٣٩؛ ج٣، ص١٤٩؛ ج٤، ص١٧٧، ٣٧٠.). بەم پێیە بێت بۆچوونی لەسەر ئەم دەسەڵاتدارەی ئومەویی باش و جیاوازتر بووە لە دەسەڵاتدارانی تری ئومەوی، چونکە بۆ دەسەڵاتدارانی تریان ئەم وشەیەیی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەناوی خۆیان یان هەر تەنیا وشەی خەلیفەی بۆ بەکارهێناون نەک پاشکۆی (رضي الله عنه).

یەکێک لەو ڕووداوانەی، (ئیبن خەلەکان) گێڕاویەتییەوە، وەک ستەمکارییەک بۆ کارەکانی (وەلیدی کوڕی یەزید)ی خەلیفەی ئومەوی، ڕووداوی کوژرانی (موحەممەدی کوڕی هیشامی کوڕی ئیسماعیل مەخزومی[١٨]) خاڵی خەلیفە هیشام و (ئیبراهیم)ی برای بوو، (ئیبن خەلەکان) گێڕانەیەکی (ئیبن ئیسحاق)ی تۆمارکردووە، بەوەی (وەلیدی کوڕی یەزید) ڕقێکی زۆری لە (موحەممەدی کوڕی هیشام) هەڵگرتوە، کاتێک (وەلید) بۆتە خەلیفە و فەرمانی گرتنی (موحەممەد) و (ئیبراهیم)ی برای دەرکردووە و برداون بۆ شام. پاشان داوای قامچی کردووە. (موحەممەد) پێی وتووە: ئەی مافی خزمایەتیمان نییە؟ (وەلید) وتویەتی: چ خزمایەتییەک لە نێوان من و تۆدا هەیە؟ ئایا تۆ جگە لە پیاوێکی هۆزی ئەشجەع شتێکی تریت؟ (موحەممەد)یش وتویەتی: داوات لێ دەکەم بەهۆی خزمایەتیت لەگەڵ (عەبدولمەلیک) بمان بەخشە. (وەلید) وتویەتی: بەڵام تۆ ئەوەت نەپاراست. (موحەممەد) وتویەتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، پێغەمبەری خودا (د.خ) ڕێگری کردووە لەوەی قوڕەیش بە قامچی لێی بدرێت، مەگەر لەسەر تاوانێکی دیاریکراو(حەد)نەبێت. (وەلید) وتویەتی: منیش لەسەر تاوانێک سزات دەدەم، تۆ یەکێک بوویت لەوانەی ئەو کارەت بەرامبەر (عەرجی[١٩])کرد، کە ئامۆزام و نەوەی ئەمیری باوەڕداران (عوسمان) بوو، تۆ ڕێزت لە پێگەی باپیری و نزیکایەتی لە (هیشام) نەگرت و ئەوکاتە ئەم فەرموودەیەت باس نەکرد، منیش ئێستا تۆڵەی ئەوت لێ دەکەمەوە، بۆیە ئەی خزمەتکار، لێی بدە. ئینجا هەردووکیانی داوەتە بەر قامچییەکی توند و بە کۆت و زنجیری قورسەوە ڕەوانەی لای (یوسف کوڕی عومەر)ی والی (کوفە)یانی کردووە. فەرمانی پێکردووە، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکات و ئەشکەنجەیان بدات تا دەمرن (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٥، ص٤٠١.). تەنانەت لە نامەیەکدا بۆی نووسی بوو: ئەگەر یەکێکیان زیندوومایەوە، لەگەڵ کوڕی ژنە مەسیحییەکە[٢٠]دا بەندیان بکە. بە توندترین شێوە ئەشکەنجەیان بدە و سامانێکی زۆریان لێوەر بگرە. ئەشکەنجەیەکی ئەوەندە توندیان داون هیچ شوێنێک لە جەستەیاندا نەماوە قامچی بەر نەکەوتبێت، (موحەممەدی کوڕی هیشام) هەرکاتێک بیانویستایە هەڵیبستێنن، ڕیشیان گرتووە و ڕایان کێشاوە. کاتێک دۆخەکە زۆر سەخت بووە، (ئیبراهیم) خۆی بە زەحمەت ڕاگرتووە، تاوەکو سەیری ڕووی (موحەممەد) بکات، بەڵام بەسەریدا کەوتووە، هەر بەو حاڵەوە هەردووکیان پێکەوە مردون (المكي، ١٩٨٦، ج٢، ص٣٨٥؛ ابن عساكر، ٢٠٠١، ج٧٣، ص٢٦٠-٢٦١.) (خالیدی قەسری)یش لە هەمان ڕۆژدا لەگەڵیاندا گیانی لە دەستداوە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٥، ص٤٠٢.). (ئیبن خەلەکان) گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەی بەلاوە گرنگ بووە، بۆیە لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژەی بەوەکردووە لێرەدا لە بابەتی سەرەکی دەرچووین و دەگەڕێینەوە بۆ تەواوکردنی هەواڵەکانی (نەزری کوڕی شومەیل[٢١]) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەو گێڕانەوەیە دوور لە بابەتی باسەکەی بووە، بەڵام بە دەرفەتی زانیووە لەوێدا باسی بکات و باسی ئەو ستەمکاریەی وەلید بکات.

ئیبن خەلەکان شتێکی ئەوتۆی لەسەر (یەزیدی کوڕی وەلید) نەبوو، ئەوەندە نەبێت ئەوەی گێڕاوەتەوە؛ کاتێک (فەیروزی کوڕی یەزدگرد)ی ساسانی لەسەردەمی والیەتی (حەجاج) و لەسەر دەستی ( قوتەیبەی کوڕی موسلمی باهلی) کوژراوە[٢٢]، دوو کچی هەبووە نێردراوە بۆ لای (حەجاج)، کە لەوکاتەدا والی (عێراق) و (خوراسان) بووە، والی یەکێک لە کچەکانی بۆ خۆی بردووە و ئەوی تری ناردووە بۆ لای (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک)، (وەلید)یش ئەو کچەی کردووە بە هاوسەری خۆی، لەم ژنە (یەزیدی)ی لێ بووە، کە بە (ناقص) ناسراوە، بۆیەش ناونراوە (ناقص)، چونکە مووچەی سەربازانی کەم کردۆتەوە (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص٢٦٧).

سەبارەت بە (ئیبراهیمی کوڕی وەلید) هەر ئەوەندەی وتووە نازناوی (ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی وەلید کوڕی عەبدولمەلیک)ە، دایکی کەنیزەکێک بووە بە ناوی(نعمة)، وتراویشە ناوی(خشف) بووە، لە مانگی (زولحەججە)ی ساڵی(١٢٦ک) بەرامبەر بە (سێپتەمبەر)ی ساڵی(٧٤٤ز) بەیعەتی پێدراوە، پاشان خۆی لە دەسەڵات کێشاوەتەوە و کاروباری بۆ (مەروانی کوڕی محەممەدی جەعدی) جێهێشتووە و لە مانگی (سەفەر)ی ساڵی(١٢٧ک) بەرامبەر بە (نۆڤەمبەر)ی ساڵی (٧٤٤ز) بەیعەتی پێداوە[٢٣]. ماوەی دەسەڵاتی (دوو مانگ) و (دە ڕۆژ) بووە، تاوەکو ساڵی (١٣٢ک/٧٤٩ز) لە ژیاندا ماوەتەوە. (ئەبو عەون) لە ڕۆژی (زاب[٢٤])دا کوشتویەتی، دەشگوترێت: لەو ڕۆژەدا خنکاوە، هەروەها وتراویشە: (مەروان کوڕی موحەممەد) کوشتویەتی و لە خاچیداوە. وتراوەیشە کەسێکی بێتوانا و بیرکۆڵ بووە، شوێنکەوتووانی جارێک بە نازناوی(خەلیفە) و جارێکی تر بە(ئەمیر) سڵاویان لێکردووە( ابن خلكان، ١٩٩٤، ج١، ص٤٤٣).

(ئیبن خەلەکان) دەگێڕێتەوە (عەبدولحەمید کاتب[٢٥])، کە یەکێک بووە لە نووسەرە دیارەکانی سەردەمی (مەروانی کوڕی محەممەد)ی دوا پاشای بنەماڵەی ئومەیە، ڕۆژێکیان یەکێک لە کاربەدەستەکانی کۆیلەیەکی ڕەشپێستی پێشکەش کردووە، ئەویش بەو کارە تووڕە بووە، داوای لە (عەبدولحەمید کاتب) کردووە بە شێوەیەکی کورت نامەیەک بۆ ئەم کاربەدەستە بنووسە و لەسەر کارەکەی سەرزەنشتی بکات. ئەویش بۆی نووسیووە: ئەگەر ڕەنگێکم لە ڕەش خراپتر و ژمارەیەکی کەمتر لە یەکم بدۆزیایەتەوە، بە دیاری پێتم دەبەخشی. والسلام (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٣، ص٢٢٨). ئەگەر تێبینی بکەین لە هەرجیگەیەک (ئیبن خەلەکان) کاتێک باسی (مەروان) دێتە ناوەوە وەک دواپاداشای بنەماڵەی ئومەوی نازناوی(جەعدی) گوێدرێژی لەگەڵ هێناوە (بڕوانە: ج١، ص٤٤٣، ج٢، ص٤١٥، ج٣، ص٢٢٨، ج٦، ص٣١٥، ٣٣٥.)، ئەمەش ئاماژەیە لەسەر ئەوەی (ئیبن خەلەکان) بۆچوونی باش نەبووە دەربارەی (مەروان) و بە نەرێنی باسی کردووە، لە کاتێکدا دایکی کورد بوو.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

لە میانەی شیکردنەوە و بەراوردکردنی دەقە مێژووییەکانی هەردوو مێژوونووس (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) و (ئیبن خەلەکان)، لە توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

١ . (ئەبوحەنیفەی دینەوەری) لە کتێبی (الأخبار الطوال)دا، سەرەڕای ئەوەی تۆمەتی شیعەگەریی خراوەتە پاڵ، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕووداوە هەستیارەکانی وەک کوشتنی( حسێنی

كوڕی عەلی) و (ڕووداوی حەڕە)، تاوەکو ڕادەیەکی زۆر هاوسەنگیی پاراستووە و وەک ڕووداوی مێژوویی گواستوونیەتیەوە، نەک وەک هاوخەمی مەزهەبی، تەنانەت خۆی لە باسکردنی وردەکاریی ئەتککردنی مەدینە بەدوور گرتووە.

٢ . (دینەوەری) لە گێڕانەوەکانیدا سەبارەت بە کۆتایی دەوڵەتی ئەمەوی، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ستەم و خراپەکاریی والییە ئومەوییەکان لە ناوچەی (خۆراسان)، ئەمەش وەک پاساو هێنانەوە و شەرعیەتدان بە هەڵگیرسانی شۆڕشی عەباسییەکان.

٣ . (ئیبن خەلەکان) لە (وفيات الأعيان)دا پەیڕەوی سیاسەتی پشتگوێخستنی بەکارهێناوە بەوەی ژیاننامەی زۆربەی خەلیفە ئومەوییەکانی نەنووسیوەتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندییان بە لایەنی ئەدەبی یان پێویستیی گێڕانەوە وایخواستووە باسی بکات، وەک (سولەیمان) و (ئیبراهیم) و ( مەروانی کوڕی محەممەد)، ئەمەش بۆ ئەوەی کتێبەکەی لە ململانێی سیاسی بەدوور بگرێت.

٤ . خاڵێکی سەرنجڕاکێشی توێژینەوەکە ئەوەیە (ئیبن خەلەکان) ڕێزێکی تایبەتی لە خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) گرتووە و دەستەواژەی (رضي الله عنه)ی بۆ بەکارهێناوە، لە کاتێکدا ئەم دەستەواژەیەی بۆ خەلیفەکانی تر بەکارنەهێناوە، هەروەها هەوڵیداوە لایەنە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی دەربخات، نەک تەنها لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان.

٥ . هەردوو مێژوونووس، سەرەڕای جیاوازیی میتۆدیان، لەسەر وێناکردنی خەلیفەکانی (وەلیدی کوڕی یەزید) و (مەروانی کوڕی محەممەد) وەک دوو فەرمانڕەوای ستەمکار و خوێنڕێژ کۆکن؛ (دینەوەری) لە ڕووی سیاسییەوە شکستیانی بەستۆتەوە بە ستەمەکانیان، (ئیبن خەلەکان)نیش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چیرۆکی ئەشکەنجەدان و بێڕێزییەکانیانی گواستۆتەوە.

٦ . توێژینەوەکە دەریدەخات هەردوو مێژوونووس وەک کوردێک توانیویانە لە بەرزترین ئاستی زانستیی سەردەمەکەیاندا مێژوو بنووسنەوە، بێ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەییان ببێتە ڕێگر لەبەردەم بابەتیبوونیان.

## پەراوێز

(١) شارێکی شاخاویە دەکەوێتە نزیک قەرمسین، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تێدا نیشتەجێیە. یەکسانە بە دوو لەسەر سێی هەمەدان، نێوان دینەوەر و هەمەدانیش نزیکەی بیست فرسەخ دەبێت. دینەوەر تاوەکو شەهرەزوور چوار قۆناغ ڕێ دەبێت، میوە و بەرهەم و ئاوی زۆرە. خەڵکەکەی بێگومان لە خەڵکی هەمەدان باشترن. کۆمەڵەیەکی گەورەی ئەدیب و فەرموودە گێڕەرەوەی تێدایە.( ياقوت الحموى: شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي، ١٩٧٧، معجم البلدان، ج٢، ط١ ، دار صادر، بيروت، ص٥٤٥.)

(٢) ئەبو یوسف یەعقوب کوڕی ئیسحاق ئەلساکیتە، یەکێک بووە لە گەورە زمانزانەکانی سەردەمی خۆی، مامۆستای خەلیفە متەوەکیل عەلەلا بووە، ئەبولعەباس موحەممەدی کوڕی یەزید ئەلموبارەد ئاماژەی بەوەکردووە، کتێبێکم لە کتێبی یەعقوبی کوڕی ئەلساکیت باشتر لەسەر لۆژیک لە بەغداد نەبینیوە. لە ساڵی ٢٤٣ک مردووە، دەشوترێت لە ساڵی ٢٤٦ک مردووە. (الاتبارى، لابى البركات كمال الدين عبد الرحمن بن محمد ، ١٩٩٨، نزهة الألباء في طبقات الأدباء، ت: محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبع والنشر دار الفكر العربي،القاهرة، ص١٥٩_١٦٠)

(٣) بۆ زانیاری دەربارەی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە بڕوانە: البلاذرى،١٩٩٦، ج٣، ص٢٨٧؛ الطبرى ،ج٣، ص١٦٥؛ ابى الفداء، ب.س، ج١، ص١٨٣.

(٤) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن معاویەوە بڕوانە: سبحان، ٢٠١٧، ل١٢٠-١٢٤.

(٥) وتراوە دوومانگ لە دەسەڵات بووە بڕوانە: (المسعودى، ١٩٩٨، ج٢، ص٣٣٠. وتراویشە سێ مانگ لە دەسەڵات بووە، ئینجا مردووە بڕوانە: الصفدى، ١٩٩١ ،ج١،ص١٠٤؛ ابن الطقطقا، ب.س، ص١١٨؛ النويرى، ٢٠٠٤، ج٢٠، ص٣١٣.

(٦) جابیە: گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی دیمەشق بەڕووی جۆلان نزيك مەرج صفر لە باکوری حۆران، لە نێوان دیمەشق و ئوردنە، شەش فەرسەخ (٢٩کم) لەحەلەبەوە دوورە.( ياقوت الحموى، ١٩٧٧، ج٢، ص٩١؛ الحميرى،١٩٨٤،ص١٥٣،٥٣٧.)

(٧) بڕوانە، ص٣١١_٣١٥.

(٨) لە سەرەتایی مانگی ذی القعدەی ساڵی٧٢ك/٦٩١ز گەمارۆ خراوەتە سەر مەککە تاوەکو لە حەڤدەی جمادی یەکەمی ساڵی٧٣ك/٦٩٢ز عەبدوڵلا کوژراوە. بڕوانە(ابن سعد، ب.س، ج٧، ص٢٢٦؛ الطبرى، ب.س، ج٣، ص٥٣٨.)

(٩) بڕوانە کتێبەکەی الصلابى، على محمد، خەلافة أمير المؤمنين عبدالله بن الزبير، ٢٠٠٦، ط١، مؤسسة أقرأ، القاهرة.

(١٠) بۆ زانیاری چاکسازییەکانی سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بڕوانە: ابونصر، ١٩٦٢، ص١١٠_١١٩.

(١١) ئەم کتێبە بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکان لە بواری ژیاننامە و مێژووی ئەدەبیدا دادەنرێت. (ڤوستێنفیلد) لە شاری (گۆتینگن) لە نێوان ساڵانی (١٨٣٥ز) و (١٨٤٣ز) بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها (دێ سلان) لە شاری (پاریس) بڵاوی کردۆتەوە. کتێبەکە چاپێکی (میسر)یشی هەیە، چاپخانەکانی (بولاق) لە نێوان ساڵانی (١٢٧٥ز) و (١٢٩٩ز)دا دەریان کردووە، لە شاری(قاهیرە) بۆ جاری سێیەم و لە ساڵی (١٣١٠ک) چاپ کراوەتەوە. هەروەها لە (ئێران) و لە شاری (تاران) لە ساڵی (١٢٨٤ک) چاپ کراوە، لە ساڵی (١٢٨٠ک) دا لە شاری (ئەستەنبوڵ) وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی (تورکی)، هەروەها (دێ سلان) بۆ زمانی (فەرەنسی) لە چوار بەرگدا وەریگێڕاوە، لە هەریەک لە شارەکانی (پاریس) و (لەندەن) لە ساڵی( ١٨٤٣ز) بۆ (١٨٧١ز) دەرچوون. (عبداللە، ١٩٩١، ص٧٧-٧٨)

(١٢) عەقیلی کوڕی ئەبو تاڵیب کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوسەی، دایکی فاتمەی کچی ئەسەدی کوڕی هاشمی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی قوسەیە. نازناوی ئەبویەزیدە، لە سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا موسڵمان نەبووە، لە شەڕی بەدر دا لە بەرەی دژە موسڵمانان بووە، لەو ڕۆژەدا بەدیل گیراوە، لەبەرئەوەی هیچ ماڵ و سامانێکی نەبووە، بۆیە عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب فیدیەی ئازادکردنی داوە. دوای ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بۆ مەککە و لەوێ ماوەتەوە تاوەکو لە سەرەتای ساڵی (٨ک/٦٢٩ز) کۆچی کردووە بۆ

مەدینە. لە غەزای موئتەدا بەشدار بووە، وەک دەوترێت لەو سەفەرەی تووشی نەخۆشییەک بووە، بۆیە لە ڕزگارکردنی مەککە، تائیف، خەیبەر و حونەیندا باسی نەکراوە. پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لە خەیبەر ساڵانە سەد و چل بار خورمای پێداوە. لە کۆتای تەمەنیدا کوێر بووە، لە سەردەمی خەلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا کۆچی دوایی کردووە.( ابن سعد، ٢٠٠١، ج٤، ص ص ٣٨-٤١؛ ابن عبدالبر، ١٩٩٢، ج٥، ص ص٥٧٣-٥٧٥)

[١٣] دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکیان موعاویە وتویەتی: ئەمە ئەبو یەزیدە، ئەگەر نەی زانیبایە من بۆ ئەو لە براکەی (عەلی) باشترم، لای ئێمە نەدەمایەوە و ئەوی بەجێنەدەهێشت. عەقیلیش لە وەڵامدا وتویەتی: براکەم بۆ دینەکەم باشترە، تۆیش بۆ دنیام باشتریت، منیش دنیام هەڵبژاردووە، داوا لە خودای گەورەش دەکەم کۆتاییەکی خێرم پێ ببەخشێت.( ابن عبدالبر، ١٩٩٢، ج٥، ص٥٧٥؛ ابن الاثير، اسد الغابة، ج٤، ص٦٢.)

[١٤] سورەتی (المسد) ئایەتی(١).

[١٥] سورەتی (المسد) ئایەتی (٤_٥)

[١٦] ئوم جەمیل، ناوی تەواوی ئەروای کچی حەربی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسە، ئەو خوشکی ئەبو سوفیانی کوڕی حەربی باوکی موعاویەیە، هاوسەرگیری لەگەڵ عەبدولعوزای کوڕی عەبدولموتەڵیب مامی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ)، کە بە ئەبو لەهەب ناسراوە کردووە، چەند منداڵێکی لێ هەبووە لەوانە: عوتبە، عوتەیبە، موعتەب. عوتبە و عوتەیبە لەسەرەتادا دوو لە کچەکانی پێغەمبەریان خواست بوو، ئەوانیش ڕوقەییە و ئوم کەلسوم بوون، بەڵام دواتر بەهۆی دژایەتییەکانیانەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) لێیان جیابوونەتەوە. ئوم جەمیل و هاوسەرەکەی ئەبو لەهەب سەرسەختترین دوژمنانی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) و بانگەوازی ئیسلام بوون. ئوم جەمیل بەوە ناسراو بووە ئازاری زۆری پێغەمبەری داوە، وەک ئەوەی هەمیشە دڕک و چڵ و چێوی لەسەر ڕێگاکەی داناوە، هەروەها بە زمانیشی هێرشی کردۆتە سەری و شیعری لە دژی هۆنیوەتەوە، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا و لە سوورەتی مەسەد ئاماژە بە ئوم جەمیل بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێت کراوە. ئوم جەمیلی بە حمالة الحطب وەسف کردووە، کە ئاماژەیە بۆ کردارەکانی لە دژایەتیکردنی پێغەمبەری ئیسلام. لە ئایەتەکانی کۆتایی سوورەتەکەدا هاتووە: في جيدها حبل من مسد وەک سزایەک بۆ کردارەکانی وەسف کراوە. کاتێک ئەم سوورەتە دابەزیوە، ئوم جەمیل زۆر تووڕە بووە و بە بەردێکەوە چووە بۆ لای پێغەمبەر (د.خ)، ئەوکات لەگەڵ ئەبو بەکردا دانیشتووە، بەڵام بە ویستی خودا نەیتوانیوە پێغەمبەر ببینێت.( ابن هشام، ١٩٩٥،ج١، ص٤٤٤-٤٤٦؛ الشوابكة، ٢٠٠٩، ص٥٥-٥٦)

[١٧] مەبەست لە مەروانییەکان لقی دووەمی زنجیرەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئومەوییە لەناو دەوڵەتی ئەمەویدا، کە دوای کۆتایی هاتنی لقی سوفیانی کە لەلایەن موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە دامەزرابوو، حکومڕانیان گرتۆتە دەست. ناوی مەروانییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ مەروانی کوڕی حەکەمی کوڕی ئەبیلعاسی کوڕی ئومەیە، کەلە ساڵی (٦٤ک/٦٨٤ز) خەلافەتی ئومەوی گرتۆتە دەست و ئەم لقەی دامەزراندووە، کە تاوەکو ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی لە ڕۆژهەڵات لە ساڵی (١٣٢ک/٧٥٠ز) لە دەسەڵات بەردەوام بوون. گەیشتنی مەروان بە دەسەڵات دوای قۆناغێکی پڕ لە پشێوی و ئاژاوە هاتووە، کەلە دوای مردنی یەزیدی کوڕی موعاویە و پاشان وەفاتی کوڕەکەی(معاویەی دووەم) ناسرابوو، هاتووە، بێ ئەوەی جێنشینێک بۆ خەلافەت دیاری بکات. بەهۆی ئەو بارودۆخەی دروست بوو بوو سەرکردەکانی بنەماڵەی ئومەیە و لایەنگرانیان لە ناوچەی جابیە کۆبوونەتەوە، لەو کۆبوونەوەیە مەروانی کوڕی حەکەمیان وەک خەلیفە هەڵبژاردووە، بەمەش دەسەڵات لە لقی سوفیانییەوە بۆ لقی مەروانی لەناو بنەماڵەی ئومەوی بە شێوەیەکی یەکجاری گواستراوەتەوە. ( ابن سعد، ٢٠٠١ ، ج٧، ص ص ٤٤-٤٧؛ المسعودي، ب.س، التنبيه، ص ٢٦٦-٢٦٩؛ بيضون ، ١٩٩١، ص٢١١-٢١٥؛ سبحان، أسو نريمان، ٢٠١٧، ل ل١٤٢، ١٤٤، ١٤٧.)

[١٨] محەممەدی کوڕی هیشامی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی هیشامی کوڕی وەلید کوڕی موغیرەی مەخزومییە، کەسایەتییەکی دیاری سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی بووە. سەر بە هۆزی بەنی مەخزوم بووە، یەکێک بووە لە بنەماڵە ناودارەکانی قورەیش. لەسەردەمی خەلیفەی ئومەوی هیشام کوڕی عەبدولمەلیک پۆستی والییەتی مەککە و مەدینە و تائیفی پێ سپێردراوە. لە والیەتی بەردەوام بووە تاوەکو هاتنی وەلیدی کوڕی یەزید بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئومەوی لە پۆستەکەی دووری خستۆتەوە. دوای لابردنی لەگەڵ ئیبراهیمی برای لەسەر دەستی یوسف کوڕی عومەری سەقەفی والی عێراق و بە فەرمانی خەلیفە وەلید کوڕی یەزید ئەشکەنجە

دراون و له بەندیخانەی کوفە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەستداوە.(المكي، ١٩٨٦، ج٢، ص٣٨٢-٣٨٥ ؛ ابن عساكر، ٢٠٠١، ج٧٣، ص ٢٥٩-٢٦١.)

[١٩] ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی عەمری کوڕی عوسمانی کوڕی عەفانە، نازناوی (عەرجی) لێ نراوە، چونکە لە (عەرج) نیشتەجێ بووە، کە شوێنێکە لەسەر ڕێگای مەککە. (محەممەد کوڕی هیشام کوڕی ئیسماعیل) بە تۆمەتی ڕشتنی خوێنی مەولایەکی (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) زیندانی کردووە، داوای خوێنەکەی لە عەبدوڵلا کردووە، ئیتر هەر لە زینداندا ماوەتەوە تاوەکو مردووە. (الزبيري، ١٩٨٢، ص١١٨؛ ابن عساكر، ٢٠٠١، ج٧٣، ص٢٦٠؛ الذهبي، ١٩٨٢، ج٥، ص ٢٦٨) لە گێڕانەوەیەکی تر هاتووە محەممەد کوڕی هیشام کوڕی ئیسماعیلی مەخزومی، خاڵی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک، کاتێک والیی مەککە بووە، عەرجی زیندانی کردووە، چونکە شیعری دڵداریی بۆ دایکی جەیداء وتووە، کە لە هۆزی بەنی حارس کوڕی کەعب بووە. ئەم کارەی لەبەر خۆشەویستیی ئەو نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە نووسیویەتی کوڕەکەی لەکەدار بکات. موحمەد نۆ ساڵ زیندانی کردووە، بە قامچی لێیداوە و لە بازاڕەکاندا گەڕاندویەتی، دواتریش کوشتویەتی. (ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٥، ص٤٠٢.)

[٢٠] مەبەستی لە ئەبو هەیسەم خالدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی کوڕی ئەسەدی ئەلبەجەلی ئەلقەسرییە، لە بنەچەدا یەمەنییە، دایکی خالد مەسیحی بووە، ئەمەش دواتر لەلایەن نەیارەکانییەوە دژی بەکارهێنراوە. لەسەردەمی خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک والی مەککە بووە، تاوەکو سەردەمی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیک لەم پۆستەدا ماوەتەوە. لەسەردەمی خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک والی عێراق (بەسرە و کوفە) بووە، نزیکەی پازدە ساڵ لەم پۆستەدا ماوەتەوە. یەکێک لە ڕووداوە دیارەکان کە لەسەر دەستی خالد ڕوویداوە، کوشتنی جەعدی کوڕی درهەم بووە، تۆمەتباری کردووە بەوەی کەسێکی زەندیقە و باوەڕی بەوە بووە قورئان دروستکراوە، لە ڕۆژی جەژنی قورباندا وەک قوربانی لە نزیک مینبەری وتاردانددا سەری بڕیوە. لە ساڵی (١٢٠ک/٧٣٧ز) خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک لە پۆستەکەی لای بردووە و یوسف کوڕی عومەر ئەلسەقەفی لە جێگەکەی داناوە. یوسف خالدی زیندانی کردووە، ئەشکەنجەی داوە و ماڵ و سامانی دەستبەسەر کردووە. دوای مردنی هیشام و هاتنە سەرکاری وەلیدی کوڕی یەزید، وەلید خالدی بە پارەیەکی زۆر بە یوسف کوڕی عومەر فرۆشتووە. یوسف بەردەوام بووە لە ئەشکەنجەدانی خالد تاوەکو ئەوەی لە ساڵی(١٢٦ک/٧٤٣ز) بەهۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە لە کوفە گیانی لەدەستداوە. (الطبري، ب.س، ج٤، ص ٢٤٧-٢٥١؛ ابن عساكر، ٢٠٠١، ج١٦، ص١٣٥-١٦٢؛ الذهبي،١٩٨٢، ج٥، ص٤٢٥-٤٣٢.)

[٢١] بۆزانیاری لەسەر نەزری کوڕی شومەیل، بڕوانە: ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٥، ص ص٣٩٧- ٤٠٥.

[٢٢] (فەیروز) یان پیرۆز لەسەر دەستی (قوتەیبەی کوڕی موسلمی باهلی) وەک ئەوە (ئیبن خەلەکان) باسی کردووە، نەکوژراوە، بەڵکو دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، (فەیروز) هەڵاتووە بۆ سنورەکانی (چین) و پەنای بردۆتە بەر فەرمانڕەوایانی (چین)، (فەیروز) لەوێ ماوەتەوە و هەر لە (چین) و لە ساڵی(٦٠ک/٦٧٩ز) کۆچی دوایی کردووە. (ئەنور، کەیوان ئازاد، ٢٠١٩، مێژووی ئیمپرتۆریەتی ساسانی،چ٣، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ١٥٧-١٥٨)، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین لە ساڵی (٨٦ک/٧٠٥ز) قوتیبە بۆتە فەرمانڕەوای ناوچەکانی خۆراسان، دوای ئەو ڕێکەوتە هێرشی کردۆتە سەر ناوچەکانی ئەودیو ڕووبار و توانیویەتی دەست بەسەر ماڵ و سامان و پاشماوەی بنەماڵەی یەزدگورددا بگرێت، کە لەو ناوچەیە ژیاون. لەوێ دوو کچەکەی فەیروزی بەدیل گرتووە و ناردویە بۆ (حەجاج)، حەجاجیش یەکێکیانی بۆ خۆی بردووە، ئەوەی تریان کە ناوی (شافەرید) بووە، بۆ خەلیفە (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک) ناردووە. وەلید بۆ خۆی مارەی کردووە و (یەزید)کوڕی لەم ژنە بووە. هەر بۆیە یەزید زۆرجار شانازی بەوە کردووە ئەو لە نەوەی کیسراکانە، چونکە بە ڕەچەڵەک دەڕۆیشتەوە سەر کیسراکانی ساسانی و خاقانی پادشای تورکەکان و قەیسەری ڕۆم. (ابن كثير، بداية، ج١٣، ص١٩٢؛ ابن تغري بردي، ب.س، ج١، ص٣٨١).

[٢٣] ئیبن خەلەکان لە بەرگێکی تری کتێبەکەی و لە جێگەیەکی تردا چۆنیەتی گەیشتنە دەسەڵاتی (مەروان) و لابردنی (ئیبراهیم) بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: (مەروان کوڕی موحەمەد)، لەگەڵ خەڵکی (جزیرەی فورات) و (قەنسرین) بەرەو ناو (دیمەشق) هاتوون و سوپاکەی (ئیبراهیم) هەڵهاتووە و سوپای (مەروان) چووەتە ناو (دیمەشق)ەوە، (مەروان) (ئیبراهیمی کوڕی وەلید)ی لەسەر کار لابردووە و خۆی شوێنی گرتۆتەوە، ماوەی دەسەڵاتداریی (ئیبراهیم) (چوار) مانگ بووە؛ لە مانگی (ڕەبیعی دووەم)ی ساڵی(١٢٧ک) بەرامبەر بە (فبرایر)ی

ساڵی (٧٤٥ز) لەسەر کار لای بردووە، دەوترێت ماوەی دەسەڵاتدارییەکەی تەنها (حەفتا) ڕۆژ بووە. ( ابن خلكان، ١٩٩٤، ج٧، ص ١١١.)

(٢٤) شەڕی زابی گەورە، ئەم شەڕە لە (جمادی ئاخر)ی ساڵی (١٣٢ک) بەرامبەر (دیسمبەر)ی ساڵی(٧٤٩ز) ڕوویداوە، شەڕەکە لە نزیک ڕووباری زێی(زاب) گەورە، کە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری دیجلە لە نێوان سوپای خەلافەتی ئەمەوی بە سەرکردایەتی دوا خەلیفەیان مەروانی کوڕی موحەمەد و سوپای عەباسییەکان بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی مامی ئەبولعەباس سەفاح ڕوویداوە. شەڕەکە بە سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی عەباسییەکان کۆتایی هاتووە، دەرئەنجامی شەڕەکە بۆ ئومەوییەکان کارەسات بار و بۆ عەباسییەکان یەکلاکەرەوە بووە، چونکە دوای شکستی زاب مەروانی کوڕی محەمەد بۆ میسر هەڵهاتووە، بەڵام عەباسییەکان شوێنی کەوتوون و لە هەمان ساڵدا لەوێ کوشتوویانە، بە کوژرانی خەلافەتی ئەمەوی لە ڕۆژهەڵات کۆتایی هاتووە. ئەبولعەباس سەفاحیش خەلافەتی گرتۆتە دەست و بووە بە یەکەمین خەلیفەی عەباسی.( الطبری، ب.س، ج٤، ص ٣٥١- ٣٥٦؛ ابن كثير، ١٩٩٨، ج١٣، ص ص ٢٥٤-٢٦٦.)

(٢٥) عەبدولحەمید کوڕی یەحیا کوڕی سەعدی عامری، ناسراو بە عەبدولحەمیدی کاتب، بە یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی بواری نووسین لە سەدەی دووەمی کۆچی دادەنرێت. لە بنەچەدا فارس بووە و لە شام ژیاوە، لە سەرەتادا مامۆستای منداڵان بووە و لەنێوان شارەکاندا گەڕاوە. نامەنووسان لە ئەوەوە فێربوون و پابەندی ڕێبازەکەی بوون. ئەوکەسە بووە ڕێگای ڕەوانبێژی لە نامەنووسیندا ئاسان کردووە، بێهاوتای سەردەمی خۆی بووە. کۆکراوەی نامەکانی نزیکەی هەزار لاپەڕە بووە، وەک گرنگترین نووسەری دەوڵەتی ئەمەوی دەرکەوتووە، هونەری نامەنووسی لەسەر دەستی ئەو گەیشتۆتە لوتکە. لە سەردەمی خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک ڕوویکردۆتە دیوانی نامەنووسی لە دیمەشق و لەسەر دەستی سالمی مەولای هیشام بنەماکانی نووسینی دیوان فێر بووە. دواتر چووەتە خزمەت مەروانی کوڕی محەمەد، کە ئەوکات والی ئەرمەنستان و جزیرە بووە، لەوێ بووەتە سەرۆکی دیوان. کاتێک مەروان لە ساڵی(١٢٧ک/٧٤٥ز) بووەتە خەلیفە، بەهۆی ڕەوانبێژی و زانست و متمانە کردن پێی، کردویەتی بە یەکەم نووسەری دەوڵەت، بۆیە ئەویش تاوەکو کۆتایی ژیانی لەگەڵ مەروانی کوڕی محەمەد ماوەتەوە. کاتێک دەوڵەتی ئەمەوی لە بەرامبەر عەباسییەکاندا شکاوە، دەستبەرداری مەروان نەبووە و لەگەڵیدا بەرەو میسر هەڵهاتووە، لە ساڵی(١٣٢ک/٧٥٠ز) لە بوصیری میسر پێکەوە کوژراون. (ابن النديم،لأبي الفرج محمد بن إسحاق، ٢٠٠٩، كتاب الفهرست، ت: أيمن فؤاد سيد مج١، ب.ط، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي، لندن، ص ص٣٦٤؛ العمری، شهاب الدين احمد بن يحى لأبن فضل الله، ٢٠١٠، مسالك الابصار فی ممالك الامطار،ت: كامل سليمان الجبوری، ج١١، ط١، دار كتب العلميه، بيروت، ص ص ٢٣-٢٥؛ الجهشياری، أبي عبدالله بن عبدوس، ١٩٨٨، كتاب الوزراء و الكتاب، قدم له: د. حسن الذين، دارالفكر الحديث، بيروت، ص ص٥٣-٥٨.)

## لیستی سەرچاوەکان

### أ_ سەرچاوەکان


ابن الأثير، أبي الحسن على بن محمد الجزري، ب.س، اسد الغابة فی معرفة الصحابة، ت: الشيخ على محمد معوض و الشيخ عادل احمد عبدالموجود، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الاثير، ابی حسن على ابی الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد، ١٩٨٧، الكامل فی التاريخ، ت: أبی الفداء عبدالله القاصی، دار كتب العلميه، بيروت.

ابن الجوزی، لأبی الفرج عبدالرحمن بن على بن محمد،١٩٩٢، المنتظم فی تاريخ الملوك والامم، ت: محمد عبدالقادر، مصطفى عبدالقادر، ج٦، ط١، دار كتب العلميه، بيروت.

ابن الشعار الموصلی، لكمالدين ابی البركات المبارك،٢٠٠٥، قالائد الجمان فی فرائد شعراء هذا الزمان، ت: مامل سليمان الجبوری، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن العمرانى، محمد بن على بن محمد، ١٩٩٩، الأنباء في تاريخ الخلفاء، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة.
ابن النديم، لأبي الفرج محمد بن إسحاق، ٢٠٠٩، كتاب الفهرست، ت: أيمن فؤاد سييد، ب.ط، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي، لندن.
ابن النديم،لأبي الفرج محمد بن إسحاق، ٢٠٠٩، كتاب الفهرست، ت: أيمن فؤاد سييد، ب.ط، مؤسسة الفرقان للتراث الأسلامي، لندن.
ابن تغرى بردى، جمال الدين ابى المحسن يوسف تغرى بردى الأتبكى، ب.س، نجوم الزاهره فى ملوك مصر و القاهره، ت: محمد حسين شمس الدين، ب.ط، دار كتب العلميه، بيروت.
ابن حبيب، أبو جعفر محمد، ٢٠٠٩، كتاب المحبر، ت: ايلزه ليختن شتينز، ب.ط، دار الافاق الجديده، بيروت.
ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الزهرى، ب.س، كتاب الطبقات الكبير، ت: على محمد عمر، ب.ط، مكتبة الخانجي، القاهرة.
ابن شاكر الكتبى، محمد، ت: د. أحسان عباس، ١٩٧٣، فوات الوفيات، ب.ط، دار الصادر، بيروت.
ابن عساكر، أبي القاسم على بن الحسن بن هبةالله، ٢٠٠١، تاريخ مدينة دمشق، ت: محب الدين أبي سعيد عمر، ب.ط، دار الفكر، بيروت.
ابن قتيبة، ابى محمد عبدالله بن مسلم، ١٩٩٠، الامامة والسياسة المعروف بتأريخ الخلفاء، ت: على شيري، ط١، دار الاضواء، بيروت.
ابن كثير، الحفظ عمادالدين ابى الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القريشى الدمشقى، ١٩٩٧، البدايه والنهايه، ت: عبدالله بن عبدالمحسن تركى، ط١، دارهجر، ب.م.
ابن هشام، لأبى محمد عبدالملك، ١٩٩٥، سيره النبى، ت: مجدى فتحى السيد،ط١، دارالصحابه، ب.م.
ابى الفداء، عمادالدين اسماعيل، ب.س، المختصر فى اخبار البشر(تاريخ ابى الفداء)، ب.ط، مكتبه المتنبى، القاهره.
الاتبارى، لابى البركات كمال الدين عبد الرحمن بن محمد ، ١٩٩٨، نزهة الألباء فى طبقات الأدباء، ت: محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبع والنشر دار الفكر العربى،القاهرة.
الأسنوي، جمال الدين عبدالرحيم بن الحسن، ١٣٩١هـ ، طبقات الشافعية، ت:عبدالله احمد الجبوري، ب.ط، مطبعة الارشاد، بغداد.
الاصفهانى، ابوفرج، ١٤١٦هـ ، مقاتل الطالبين، ت: احمد صقر،ط٢، انتشارات الشريف الرضى، ب.م.
البغدادى، عبد القادر بن عمر، ١٩٩٧، خزانة الأدب ولب لباب لسان العرب، ت: عبد السلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، ط٤، القاهرة.
البلاذرى، احمد بن يحيى بن جابر،١٩٩٦، انساب الاشراف، حققه و قدم:سهيل ذكار، رياض زركلى، ط١، دار الفكر، بيروت.
التميمي الداري، تقي الدين بن عبد القادرالتميمي الداري الغزي المصري الحنفي، ١٩٨٣، الطبقات السنية في تراجم الحنفية، ط.١، ت: د.عبد الفتاح محمد الحلو، دار الرفاعي للنشر والطباعة والتوزيع، الرياض.

الجهشيارى، أبى عبدالله بن عبدوس، ١٩٨٨، كتاب الوزراء و الكتاب، قدم له: د. حسن الذين، دارالفكر الحديث، بيروت.
الحميرى، محمد بن عبدالمنعم،١٩٨٤، الروض المعطار فى خبر الاقطار، ت: أحسان عباس، ط٢، مكتبه البنان، بيروت.
الدينوري، أبي حنيفة أحمد بن داود، ١٩٧٤، كتاب النبات، ت: برنهارد لڤين، النشر فرانز شتاينر بڤيسبادن، ب.ط.
الذهبى، الإمام شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان،١٩٨٢، سير أعلام النبلاء، أشرف على تحقيق الكتاب وخرج احاديثه: شعيب الأرنؤوط، حقق هذا الجزء: محمد نعيم العرقسوسي و مأموق صاغرجي، مؤسسة الرسالة، ط٢، بيروت.
الزبيرى، لأعبدالله المصعب بن عبدالله بن المصعب، ١٩٨٢، نسب القربش،ت: أ. ليفى بروفينال، ط٣، دار المعارف، القاهرة.
السيوطى، للحافظ جلال الدين عبدالرحمن، ١٩٦٤، بغية الوعاة فى طبقات اللغويين والنحاة، ت: محمد أبو الفضل ابراهيم، ط١، مطبعة عيسى البابى الحلبى وشركاه، ب.م.
الصفدى، صلاح الدين خليل بن ايبك،١٩٩١، تحفة ذوي الآلباب، ت: احسان بنت سعيد و زهير حميدان، ب.ط، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
الصفدى، صلاح الدين خليل بن ايبك،٢٠٠٠، كتاب الوافى بالوفيات، ت: احمد الارناوط و تركى مصطفى، ط١، دار الحياء التراث العربى، بيروت.
الطبرانى، سليمان بن أحمد بن أيوب، ١٩٩٢، مقتل الحسين بن على بن ابى طالب، ت: محمد شجاع ضيف الله، ب.ط، دار الاوراد، كويت.
الطبرى، ابى جعفر محمد بن جرير، ١٩٨٥، استشهاد الحسين، ت: اسيد جميلى، ط١، دار الكتاب العربى، بيروت.
الطبرى، ابى جعفر محمد بن جرير، ب.س، تاريخ الطبرى الامم و الملوك، ب.ط ، دار كتب العلميه، بيروت.
العمرى، شهاب الدين احمد بن يحى لأبن فضل الله، ٢٠١٠، مسالك الابصار فى ممالك الامطار،ت: كامل سليمان الجبورى، ط١، دار كتب العلميه، بيروت.
الفيروزابادي، مجدالدين محمد بن يعقوب، ٢٠٠٠، البلغة في تراجم أئمة النحو واللغة، ت: محمد المصري، ط١، دار السعدالدين، دمشق.
القفطى، جمال الدين أبى الحسن على بن يوسف، ١٩٨٦، انباة الرواة على أنباه النحاة، ت:محمد أبوالفضل ابراهيم، ط١، دار الفكر العربى القاهرة.
المسعودى، على الحسين، ب.س، التنبية و الاشراف، ت: عبدالله اسماعيل، ب.ط، مؤسسة نشر المنابع الثقافية الاسلامية، ايران.
المسعودى، على الحسين،١٩٨٨، مروج الذهب معادن الجوهر،ت: قاسم وهب، ط١، وزاره الثقافه، دمشق.
المقدسى، للمطهر بن طاهر،ب.س، كتاب البدء و التاريخ، ب.ط، المكتبه الثقافيه الدينيه، ب.م.
المكى، الامام تقى الدين محمد بن أحمد الحسنى الفاسى، ١٩٨٦، العقد الثمين فى تاريخ البلد الامين، ت: محمد حامد الفقى، ط٢، مؤسسه الرساله، بيروت.

النويرى، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب، ٢٠٠٤، نهايه الارب فى فنون الادب، ت:على محمد هاشم، ط١، دار كتب العلميه، بيروت.
ياقوت الحموى: شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي، ١٩٧٧، معجم البلدان، ط١ ، دار صادر، بيروت.
ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله، ١٩٩٣، معجم الأدباء، إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب، ت: د.احسان عباس، ط.١، دار الغرب الإسلامي، بيروت.
اليعقوبى، احمد بن ابي يعقوبى بن جعفر بن وهب،٢٠١٠، تاريخ اليعقوبى، ت: عبدالامير مهنا، ط١، شركه الاعلمى للمطبوعات، بيروت.
اليونيني، الشيخ قطب الدين ابي فتح موسى بن محمد بن أحمد البعلبكى الحنبلى، ١٩٥٤، ذيل مرأة الزمان، ط١، دائرة معارف العثمانية، هند.

**ب_ ژێدەرەکان**

ابونصر، عمر، ١٩٦٢، الايام الاخيره الدوله الامويه، منشورات مكتبه الاهليه، بيروت.
الأدنەوى، أحمد بن محمد،١٩٩٧، طبقات المفسرين، ت: سليمان بن صالح الخزى، ط١، مكتبة العلوم و الحكم، المدينة المنورة.
بيضون، ابراهيم ، ١٩٩١، من دوله عمر الى دوله عبدالملك، ب.ط، بيروت.
روزنثال، فرانز، ١٩٨٣، علم التاريخ عند المسلمين، ت:صالح أحمد العلي، مؤسسة الرسالة، ط٣، بيروت.
الزركلى، خير الدين، ٢٠٠٢، الأعلام قاموس تراجم، ط١٥، دار العلم للملايين، بيروت.
السلمي، محمد بن صامل، ١٤٢٩ه، منهج كتابة التاريخ الاسلامي، ط١، دارابن الجوزي، السعودية.
السيد، مجدى، ١٩٩٨، تاريخ الاسلام و المسلمين فى العصر الاموى، ط١، دار الصحابه، مصر.
السيدا، عبدالسلام، ٢٠٠٧، موسوعة علماء العرب، ط٢، مكتبة الاهلية، لبنان.
الشوابكة، أحمد محمود خليل ٢٠٠٩، وأد الفتنة دراسة نقدية لشبهات المرجفين وفتنة الجمل وصفين على منهج المحدثين، ط١، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان.
الصلابى، على محمد، ب.س، الخليفة الراشد والمصلح الكبير عمر بن عبدالعزيز، مكتبة العضرية، بيروت.
الصلابى، على محمد، خەلافة أمير المؤمنين عبدالله بن الزبير، ٢٠٠٦، ط١، مؤسسة أقرأ، القاهرة.
عبدالله، يسري عبدالغني، ١٩٩١، معجم المؤرخين المسلمين حتى القرن الثاني عشر الهجري،ط١، دار الكتب العلمية، بيروت
فضل الله، محمد جواد، ب.س، صلح الامام الحسن اسبابه نتائجه، ب.ط، دار المثقف المسلم، ايران، قم.
محمد، محمد الشيخ عليو، ١٤٢٧ه ، مناهج اللغويين في تقرير العقيدة، ط١، مكتبة دار المنهاج، الرياض.

**ج_ گۆڤار**

ابو حنيفة الدينوري منهجه وموارده في كتابه الاخبار الطوال، كلية التربية، جامعة تكريت، رسالة الماجستير.
الشهابى، مصطفى، ١٩٥١، أبو حنيفه الدينورى، مجلة المجمع العلمى العربى، ج٣، مجلد ٢٦.
العلوانى، منال كريم، صالح، براء ظاهر، ٢٠٢٥، علماء مدينة دمشق في كتاب وفيات الاعيان و آنباء أبناء الزمان لابن خلكان، مجلة الملوية للدراسات الأثارية والتاريخية، مجلد(١٢)، العدد(٤٢), تشرين الثانى.
عنيزان، خديجة زبار، عنيزان، فاطمة زبار، ٢٠١١، مرويات أبو حنيفة الدنيوري عن النبات في معجم لسان العرب لابن منظور، مجلة التراث العلمي العربي، مج١، العدد١٦.
منهج ابو حنيفة الدينوري في الكتابة التاريخية كتاب (الاخبار الطوال) نموذجا، مجلة عصور جامعة وهران، العدد١٦.

**د_ نامەی ئەکادیمی**

سبحان، أسو نريمان، ٢٠١٧، کاریگەری سیستەمی خیلافەتی لەسەر ململانێی دەسەڵات لە مێژووی ئیسلامدا (١– ١٣٢ك/٦٢٢– ٧٥٩ز)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان.
عبدالله، سولاف نزهة بندي، ٢٠١٨، تتمة معجم النبات لأبي حنيفة الدينوري، أطروحة الدكتوراه، جامعة جيلالي ليابس- سيدي بلعباس.
نضال محمد قمبر، شاكر وادي جابر، ٢٠٢٣، العامل القومي وأثره في روايات أبو حنيفة الدينوري من خلال كتابه (الأخبار الطوال)، مجلة أبحاث في العلوم التربوية والإنسانية والأداب واللغات، ج١، العدد٢٥.

List of sources

A. Resources

Ibn al-Athir, Abi al-Hasan 'Ali ibn Muhammad al-Jazri, B.S., Assad al-Ghaba in the Knowledge of the Companions, t: Shaykh 'Ali Muhammad Ma'waz and Shaykh 'Adel Ahmad 'Abd al-Mujud, Dar al-Kitb Al-Ilmiya, Beirut.
Ibn al-Athir, Abi Hassan Ali Abi al-Karam Muhammad ibn Muhammad ibn Abdul Karim ibn Abdul Wahid, 1987, Al-Kamil fi al-Tarikh, ed.
Ibn al-Jawzi, Abi al-Faraj Abdul Rahman ibn Ali ibn Muhammad, 1992, Al-Muntazim fi Tarikh al-Maluk wa'lamm, t: Muhammad Abdul Qadir, Mustafa Abdul Qadir, Vol. 6, Vol.
Ibn al-Sha'ar al-Musli, Kamal al-Din Abi al-Barkat al-Mubarak, 2005, Qala'id al-Jaman fi Far'id Sha'ara' of this era, T: Maml Sulaiman al-Jaburi, vol.
Ibn al-Imrani, Muhammad ibn Ali ibn Muhammad, 1999, Al-Anba' in the History of the Caliphs, Vol. 1, Dar al-Afaq al-Arabiya, Cairo.

Ibn al-Nadim, for Abi al-Faraj Muhammad ibn Ishaq, 2009, Kitab al-Fahrist, t: Ayman Fouad Sayed, BT, Al-Furqan Foundation for Islamic Heritage, London.
Ibn al-Nadim, Abi al-Faraj Muhammad ibn Ishaq, 2009, Kitab al-Fahrist, t: Ayman Fouad Sayed, BT, Al-Furqan Foundation for Islamic Heritage, London.
Ibn Taghri Bardi, Jamal al-Din Abi al-Muhsin Yusuf Taghri Bardi al-Atbaki, B.S., Najum al-Zahira fi Maluk Egypt and Cairo, T: Muhammad Hussein Shams al-Din, B.T., Dar Kitab al-Ulamiyah, Beirut.
Ibn Habib, Abu Ja'far Muhammad, 2009, Kitab al-Muhabbar, T: Else Lichten Steins, B.T., Dar al-Afaq al-Jadeeda, Beirut.
Ibn Sa'd, Muhammad ibn Sa'd ibn Mun' al-Zuhri, B.S., Kitab al-Tabqat al-Kabir, t: 'Ali Muhammad 'Umar, B.T., al-Khanji Library, Cairo.
Ibn Shakir al-Kitbi, Muhammad, T: Dr. Ahsan Abbas, 1973, Fawat al-Wafiyat, BT, Dar al-Sadr, Beirut.
Ibn 'Asakr, Abu al-Qasim 'Ali ibn al-Hasan ibn Habballah, 2001, Tarikh Madinah Damascus, p.
Ibn Qutaybah, Abi Muhammad Abdullah ibn Muslim, 1990, Imamate and the well-known policy in the history of the caliphs, T: Ali Shiri, Vol. 1, Dar al-Adwa, Beirut.
Ibn Katheer, Al-Hafiz Emad al-Din Abi al-Fada' Ismail Ibn 'Umar ibn Katheer al-Quraishi al-Damascus, 1997, Al-Badaya wa al-Nhaya, t: Abdullah ibn Abdul Mohsen Turki, vol.
Ibn Hisham, Labi Muhammad Abdul Malik, 1995, Sirah al-Nabi, T: Majdi Fathi al-Sayyid, Vol.
Abi al-Fada', Emad al-Din Ismail, B.S., Al-Mukhtar fi Akhbar al-Bashar (Tarikh Abi al-Fada'), B.T., Maktab al-Mutnabi, Cairo.
Al-Atbari, Rabbi al-Barkat Kamal al-Din Abdul Rahman ibn Mohammed, 1998, Nazhat al-Albaa' in the classes of literature, T: Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, Al-Taba' and Al-Nashr Dar Al-Fakr Arabic, Cairo.
Al-Asnawi, Jamal al-Din Abdul Rahim bin al-Hassan, 2012, Shafi'i Layers, T: Abdullah Ahmad Al-Jaburi, B.T, Al-Irshad Printing House, Baghdad.
Al-Isfahani, Abu Faraj, 1416 AH, Maqatil al-Talibin, ed. Ahmad Saqr, 2nd ed., Sharif al-Radi Publications, n.p.

Al-Baghdadi, Abd al-Qadir ibn Umar, 1997, Khizanat al-Adab wa Lub Lubab Lisan al-Arab, ed. Abd al-Salam Muhammad Harun, Al-Khanji Library, 4th ed., Cairo.

Al-Baladhuri, Ahmad ibn Yahya ibn Jabir, 1996, Ansab al-Ashraf, edited and introduced by Suhayl Dhakkar and Riyad Zarkali, 1st ed., Dar al-Fikr, Beirut.

Al-Tamimi al-Dari, Taqi al-Din ibn Abd al-Qadir al-Tamimi al-Dari al-Ghazzi al-Misri al-Hanafi, 1983, Al-Tabaqat al-Saniyya fi Tarajim al-Hanafiyya, 1st ed., ed. Dr. Abd al-Fattah Muhammad al-Hilu, Dar al-Rifai for Publishing, Printing and Distribution, Riyadh. Al-Jahshiyari, Abu Abdullah ibn Abdus, 1988, Kitab al-Wuzara' wa al-Kuttab (The Book of Ministers and Scribes), introduction by Dr. Hassan al-Din, Dar al-Fikr al-Hadith, Beirut.

Al-Himyari, Muhammad ibn Abd al-Mun'im, 1984, Al-Rawd al-Mu'attar fi Khabar al-Aqtar (The Fragrant Garden in the News of the Regions), edited by Ihsan Abbas, 2nd edition, Maktabat al-Banan, Beirut.

Al-Dinawari, Abu Hanifa Ahmad ibn Dawud, 1974, Kitab al-Nabat (The Book of Plants), edited by Bernhard Lewin, Franz Steiner Press, Wiesbaden, n.d.

Al-Dhahabi, Imam Shams al-Din Muhammad ibn Ahmad ibn Uthman, 1982, Siyar A'lam al-Nubala' (The Lives of Noble Figures), supervised by Shu'ayb al-Arna'ut, this volume edited by Muhammad Na'im al-'Arqsusi and Ma'muq Sagharji, Mu'assasat al-Risalah, 2nd edition, Beirut. Al-Zubayri, by Abdullah al-Mus'ab ibn Abdullah ibn al-Mus'ab, 1982, Nasab al-Qurbash, ed. A. Lévi-Provençal, 3rd ed., Dar al-Ma'arif, Cairo.

Al-Suyuti, by al-Hafiz Jalal al-Din Abd al-Rahman, 1964, Bughyat al-Wu'at fi Tabaqat al-Lughawiyyin wa al-Nuhat, ed. Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, 1st ed., Isa al-Babi al-Halabi Press and Co., n.p.

Al-Safadi, Salah al-Din Khalil ibn Aybak, 1991, Tuhfat Dhawi al-Albab, ed. Ihsan bint Sa'id and Zuhair Hamidan, n.p., Publications of the Ministry of Culture, Damascus.

Al-Safadi, Salah al-Din Khalil ibn Aybak, 2000, Kitab al-Wafi bi al-Wafayat, ed. Ahmad al-Arna'ut and Turki Mustafa, 1st ed., Dar al-Hayat al-Turath al-Arabi, Beirut. Al-Tabarani, Suleiman bin Ahmed bin Ayoub, 1992, The Killing of Al-Hussein bin Ali bin Abi Talib, edited by: Muhammad Shuja’ Dhaifullah, B.I., Dar Al-Awrad, Kuwait.

Al-Tabari, Abu Jaafar Muhammad bin Jarir, 1985, The Martyrdom of Hussein, edited by: Usayd Jamili, 1st edition, Dar Al-Kitab Al-Arabi, Beirut.

Al-Tabari, Abi Jaafar Muhammad bin Jarir, B.S., Al-Tabari's History of Nations and Kings, B.I., Dar Kutub Al-Ilmiyya, Beirut.

Al-Omari, Shihab al-Din Ahmad bin Yahya by Ibn Fadlallah, 2010, Paths of Vision in the Kingdoms of Rain, edited by: Kamel Suleiman al-Jubouri, 1st edition, Dar Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Al-Fayruzabadi, Majd al-Din Muhammad ibn Ya'qub, 2000, Al-Bulgha fi Tarajim A'immat al-Nahw wa al-Lugha (The Attainment of Biographies of the Imams of Grammar and Language), ed. Muhammad al-Masri, 1st ed., Dar al-Sa'd al-Din, Damascus.

Al-Qifti, Jamal al-Din Abu al-Hasan Ali ibn Yusuf, 1986, Inbaat al-Ruwat 'ala Anbaat al-Nuhat (The Narrators' Accounts of the Grammarians), ed. Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, 1st ed., Dar al-Fikr al-'Arabi, Cairo.

Al-Mas'udi, Ali al-Husayn, n.d., Al-Tanbih wa al-Ishraf (The Admonition and Supervision), ed. Abdullah Ismail, n.p., Islamic Cultural Publishing Foundation, Iran.

Al-Mas'udi, Ali al-Husayn, 1988, Muruj al-Dhahab Ma'adin al-Jawhar (Meadows of Gold, Mines of Gems), ed. Qasim Wahb, 1st ed., Ministry of Culture, Damascus.

Al-Muqaddasi, by al-Mutahhar ibn Tahir, n.d., Kitab al-Bada' wa al-Tarikh (The Book of Beginnings and History), n.p., Al-Maktaba al-Thaqafiyya al-Diniya, n.p. Al-Makki, Imam Taqi Al-Din Muhammad bin Ahmed Al-Hassani Al-Fassi, 1986, The Precious Decade in the History of the Faithful Country, published by: Muhammad Hamid Al-Faqi, 2nd edition, Al-Risala Foundation, Beirut.

Al-Nuwairi, Shihab al-Din Ahmad bin Abdul-Wahhab, 2004, Nihayat al-Arb fi Fanun al-Adab, published by: Ali Muhammad Hashem, 1st edition, Dar Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Yaqut al-Hamwi: Shihab al-Din Abu Abdullah Yaqut bin Abdullah al-Rumi al-Hamawi, 1977, Mu'jam al-Buldan, 1st edition, Dar Sader, Beirut.

Yaqut al-Hamawi, Shihab al-Din Abu Abdullah Yaqut bin Abdullah, 1993, Dictionary of Writers, Irshad al-Arab to Know the Writer, published by: Dr. Ihsan Abbas, 1st edition, Dar al-Gharb al-Islami, Beirut.
Al-Ya'qubi, Ahmad ibn Abi Ya'qubi ibn Ja'far ibn Wahb, 2010, Tarikh al-Ya'qubi, ed. Abd al-Amir Muhanna, 1st ed., Al-A'lami Publishing Company, Beirut.

Al-Yunini, Shaykh Qutb al-Din Abi Fath Musa ibn Muhammad ibn Ahmad al-Ba'labakki al-Hanbali, 1954, Dhayl Mir'at al-Zaman, 1st ed., Da'irat al-Ma'arif al-'Uthmaniyya, India

Abu Nasr, Omar, 1962, The Last Days of the Umayyad State, National Library Publications, Beirut.
Al-Adnawi, Ahmed bin Muhammad, 1997, Classes of Interpreters, published by Suleiman bin Saleh Al-Khaza, 1st edition, Library of Science and Wisdom, Medina.
Baydoun, Ibrahim, 1991, From the State of Omar to the State of Abdul Malik, B.I., Beirut.
Rosenthal, Franz, 1983, History among Muslims, edited by: Saleh Ahmed Al-Ali, Al-Resala Foundation, 3rd edition, Beirut.
Al-Zirkli, Khair al-Din, 2002, Al-A’lam Dictionary of Biographies, 15th edition, Dar Al-Ilm Lil-Mala’in, Beirut.
Al-Sulami, Muhammad bin Samil, 1429 AH, Methodology for Writing Islamic History, 1st edition, Dar Ibn al-Jawzi, Saudi Arabia.
Al-Sayyid, Magdi, 1998, *History of Islam and Muslims in the Umayyad Era*, 1st ed., Dar al-Sahaba, Egypt.

Al-Sayyid, Abd al-Salam, 2007, *Encyclopedia of Arab Scholars*, 2nd ed., Al-Ahliya Library, Lebanon.

Al-Shawabkeh, Ahmad Mahmoud Khalil, 2009, *Suppressing the Fitna: A Critical Study of the Doubts of the Spreaders of Discord and the Fitna of the Camel and Siffin According to the Methodology of the Hadith Scholars*, 1st ed., Dar Ammar for Publishing and Distribution, Amman.

Al-Sallabi, Ali Muhammad, n.d., *The Rightly Guided Caliph and Great Reformer, Umar ibn Abd al-Aziz*, Al-Adariyya Library, Beirut.

Al-Sallabi, Ali Muhammad, *The Caliphate of the Commander of the Faithful, Abdullah ibn al-Zubayr*, 2006, 1st ed., Iqraa Foundation, Cairo.
Abdullah, Yusri Abdul-Ghani, 1991, A Dictionary of Muslim Historians up to the Twelfth Century AH, 1st ed., Dar al-Kutub al-Ilmiyya, Beirut.

Fadlallah, Muhammad Jawad, n.p., The Peace Treaty of Imam al-Hasan: Its Causes and Consequences, n.p., Dar al-Muthaqqaf al-Muslim, Iran, Qom.

Muhammad, Muhammad al-Sheikh Aliyu, 1427 AH, The Methodologies of Linguists in Establishing Creed, 1st ed., Maktabat Dar al-Minhaj, Riyadh.

Abu Hanifa al-Dinawari: His Methodology and Sources in His Book al-Akhbar al-Tiwal, College of Education, Tikrit University, Master's Thesis.

Al-Shahabi, Mustafa, 1951, Abu Hanifa al-Dinawari, Journal of the Arab Scientific Academy, Vol. 3, No. 26. Al-Alwani, Manal Karim, Saleh, Baraa Zahir, 2025, Scholars of Damascus in Ibn Khallikan's *Wafayat al-A'yan wa Anba' Abna' al-Zaman*, *Al-Malawiya Journal for Archaeological and Historical Studies*, Vol. 12, No. 42, November.

Anizan, Khadija Zabar, and Anizan, Fatima Zabar, 2011, Narrations of Abu Hanifa al-Dinawari on Plants in Ibn Manzur's *Lisan al-Arab*, *Journal of Arab Scientific Heritage*, Vol. 1, No. 16.

The Methodology of Abu Hanifa al-Dinawari in Historical Writing: *Al-Akhbar al-Tiwal* as a Model, *Usur Journal, University of Oran*, No. 16
Subhan, Asu Nariman, 2017, Caricature of the Khilafati System for the Book of Islamic Studies (1-132 AH/622-759 AH), Master Name. (in Karawa), Zanki Soleimani, Kılıçı Zansta MarĆvaytiyyakan.
Abdullah, Sulaf Nozha Bandi, 2018, continuation of the Botanical Dictionary by Abu Hanifa Al-Dinouri, doctoral thesis, Djilali Liabes University - Sidi Bel Abbes.

Nidal Muhammad Qambar, Shaker Wadi Jaber, 2023, The National Factor and its Impact on the Narrations of Abu Hanifa al-Dinawari through his book (Al-Akhbar al-Tiwal), Journal of Research in Educational, Human, Literary and Language Sciences, Vol. 1, No. 25...